# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٨٠

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٨٠ – سەرماوەزی – دێسامبر ٢٠٢٥


## سەروتار

### بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار (١٤٠٤)

بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار بەرز ڕادەگرێت، کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین قۆناغی تەمەنیدا، لە گێژاوی قەیرانێکی قووڵ و هەمەلایەنەدا دەست و پێ لێدەدات. قەیرانی ساختاری سیستەمی سەرمایەداریی ئێران، وێرانبوونی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وزە، ڕانتخۆری، گەندەڵیی دامەزراوەیی و پەرەسەندنی باندە مافیاییەکان لەنێو جەستەی دەسەڵاتدا، دەرەنجامی توندتربوونی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، هەڵئاوسان، گرانیی بێوێنە و پەرەسەندنی بێکاری، قەیرانی لە کۆنترۆڵ دەرچووی ژینگە، هەموو ئەمانە دەوڵەتی بە ناو "ویفاقی میللی"ی پزیشکیانی لە دابینکردنی نان و ئاو، کارەبا و هەوای پاکدا داماو و تووشی هەڵیتوپڵیت وتن کردووە. هاوکات شکستی سیاسەتی ستراتیژیی ناوچەیی و هەڵوەشانەوەی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت"، بنبەستی پڕۆژەی ئەتۆمی، تێکشکانی سیستەمی بەرگریی مووشەکی و ناکارامەیی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ڕژیم لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا، یەکێکی دیکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ستراتیژیی مانەوەی ڕژیمی وێران کردووە و سەرانی ئەم ڕژیمەی تەنانەت لەنێو بەشێک لە ڕیزەکانی خۆیشیاندا لە "ئیعتیبار" خستووە و قەیرانی حکوومەتیی قووڵتر کردووەتەوە. لە دڵی ئەم ململانێ و کێشمەکێشانەدا، باڵەکانی دەسەڵات لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گوشارەکانی ئەمریکا و زلهێزە ئەورووپییەکان و هەڕەشەکانی ئیسرائیلدا، ڕێکارێکی جیاوازیان گرتووەتە بەر. کادری ڕێبەریی حیزبی پادگانی سپای پاسداران، کە خامنەییش لە شرۆڤەی کۆتاییدا خۆی لەگەڵ هەڵوێستی ئەواندا ڕێک دەخات، لە سنووربەندی لەگەڵ سیاسەتی تەسلیمخوازانەی ئیسلاحتەڵەبانی حکوومەتی و موقاوەمەتی زۆرینەی ئوسوڵگەراکان، لە هەوڵدایە تا دەستی بە "سازانێکی ئابڕومەندانە" لەگەڵ ئەمریکا ڕابگات. سپای پاسداران دەیەوێت لە ڕێگای دەستپێڕاگەیشتن بە "سازانی ئابڕومەندانە" و لابردنی گەمارۆکان، "ئیعتیبار"ی لەدەستچوو و سیمای تێکشکاوی ڕژیم نۆژەن بکاتەوە، ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ئێرانی لە پشت سەری خۆی بەسیج بکات و بە مودیریەتی شەڕ و ململانێی باڵەکانی دەسەڵات، نیزامی ئیسلامی لە قەیرانی



## بزووتنەوەی خوێندکاری


### یەکێک لە پایەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە ئێران



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

### بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

### ڕاگەیەندراوی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر




### بە بۆنەی ١٠ی دێسامبر ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ

مان و نەمان بپەڕێنێتەوە و مانەوەی مسۆگەر بکات. باڵەکانی حکوومەت سەرباری هەڵوێستە جیاوازەکانیان لە بەرامبەر دوژمنی دەرەکیدا، بەڵام ڕوو لە خەڵک و دوژمنی ناوخۆیی شەمشێریان لە ڕوو بەستووە و لە دەوری ستراتیژی "سەرکوت" وەک ڕەمزی مانەوەی نیزامی ئیسلامی، یەکگرتووانە هەنگاو دەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای ئەوەی کە ڕژیم هێشتا توانای سەرکوتی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوەی بە داخوازییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکەی نییە و کۆمەڵگاش بە سەرکوتگەرییەکان و شەپۆلی ئێعدامەکان چاوترسێن نەبووە، پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان بووەتە ئامرێکی حاشاهەڵنەگر. ئاسۆی پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوانە کە دەتوانێت هاوکێشەکانی سەرەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت، سەرانی ڕژیمی خستووەتە نێو ترسێکی بەردەوام و کابووسی ڕووخانەوە

لەسەر بەستێنی ئەم دۆخە، بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی دیکە لەم ساڵانەی دواییدا لەژێر سەرکوتی پۆلیسی و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیدا، لە بواری خۆڕێکخستنیشدا پێشڕەوییان کردووە. بزووتنەوەی کرێکاری بە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و ناڕەزایەتی لە ساڵدا و لەم نێوەندەدا مانگرتنە شکۆدارەکانی کرێکاران لە ناوەندە جیاجیاکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری، ڕۆڵی کۆمیتەکانی مانگرتن، کۆمیتەی کارگە و مەجامیعی گشتی لە ڕێکخستنی ئەم مانگرتنانەدا، بە ڕوونی پێشکەوتن لە بواری ڕێکخراوبووندا نیشان دەدات. ژنان بە پێشێلکردنی یاسای حیجابی زۆرەملێ لەسەر شەقام و بە بەشداری چالاکانە لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکاندا، نەک تەنیا سیمای شارەکانی ئێرانیان گۆڕیوە، بەڵکوو سیمای بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانیشیان گۆڕیوە. هاوکات، بوونی توێژێکی بەرین لە چالاکان و ڕێبەرانی ڕادیکالی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە لە ڕەوتی ڕێکخستنی ئەم ناڕەزایەتی و مانگرتنانەدا هاتوونەتە پێشەوە، ماتریالی ئینسانی و کادری لێهاتووی بۆ پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری فەراهەم کردووە

لەم نێوەندەدا بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران بەو پێشینە درەوشاوەیەی کە لە خەبات دژی ڕژیمە سەرمایەدارییەکانی پاشایەتی پەهلەوی و حکوومەتی هاری ئیسلامیدا هەیبووە، و ئەو ساتەوەخت و قۆناغە شکۆدارانەی کە لە شەڕ دژی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتیکردنی خوێندن و پادگانیکردنی ژینگەی فێرکاری تۆماری کردووە و ئەو پێگەیەی کە لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا بە ناوی خۆیەوە سەبتی کردووە، پێویستە هەرچی خێراتر قۆناغی پاشەکشە بۆ خەباتی پیشەیی (سێنفی) تێپەڕێنێت و وەک شاخەکە هەستیارەکانی هێزە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان لە کۆمەڵگادا، ئەرک و پێشەنگایەتی سیاسی خۆی لەم قۆناغەدا بەجێ بێنێت. چونکە مێژووی بزووتنەوە خوێندکارییەکان نە تەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە ئاستی جیهانیشدا نیشانی داوە کە ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بە ئامادەبوونی لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات دژی هەڵاواردن و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و لە بەرگریکردنی لێبڕاوانە لە خواستی ئازادیخوازانە توانیویەتی ڕۆڵ بگێڕێت

لە هەلومەرجی ئێستادا، بزووتنەوەی خوێندکاری وەک یەکێک لە ستوونەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە پێویستە داخوازییە دێموکراتیکەکان، لەوانە: ئازادییە بێ شەرت و مەرجە سیاسییەکان، ئازادی زیندانیانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام، هەڵوەشاندنەوەی حیجابی زۆرەملێ و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن و... بە پەیگیرترین و ڕادیکالترین شێوە نوێنەرایەتی




بکات و پشتیوانییان لێ بکات. بەشی ڕادیکال و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لە بەرامبەر ڕەوتە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و بۆرژوایی و بەتایبەت لە بەرامبەر لیبڕالیزمی ئێراندا کە بە ستراتیژی دووری لە توندوتیژی و لەژێر ناوی سنووربەندی لەگەڵ توندوتیژیدا، دژایەتیی شۆڕش دەکات، تەنیا بە گەڵاڵەکردنی داخوازییە دێموکراتیکەکان لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوەیە کە دەتوانێت ئەم ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنێت و پەیوەندییەکی قووڵتر لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ڕادیکالە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان دروست بکات

بەشی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لە تەنیشت ئەرکە ستراتیژییەکانی سەرەوە، پێویستە پەرەپێدانی جیهانبینیی کۆمۆنیستی و بەرگریکردن لە ئیعتیبار و زانستیبوونی ئەو جیهانبینییە و دەخالەتگەری لە چالاکی و ململانێ تیۆرییەکاندا -کە میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ ڕاکێشانی سەمپاتی جەماوەری خوێندکاران و پەروەردەکردنی کادرە سۆسیالیستەکان-، بە ئەرکی بەردەوام و هەمیشەیی خۆی بزانێت. لە هەلومەرجی ئێستادا بەرگریکردن لە سۆسیالیزم و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی گوتاری سۆسیالیستی لە بەرامبەر گوتاری لیبڕالیزمی بۆرژواییدا، دەتوانێت گەورەترین خزمەتی چالاکانی ڕادیکالی بزووتنەوەی خوێندکاری بێت بۆ وەلاخستنی یەکێک لە بەربەستە زهنییەکانی بەردەم پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاری. سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری وەک لاوانی سەردەمی دیجیتاڵ، سەردەمی دەرکەوتنی ژیری دەستکرد و تەلەفۆنی هوشمەند، واتە سەردەمێک کە کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی دیجیتاڵ لە تەواوی جومگەکانی ژیانی مرۆڤدا باو و بەربڵاوە، پێویستە توانایی و داهێنانی خۆیان لە خزمەت بەرهەمهێنانی بابەت بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە بواری ناساندنی ماهییەتی سیستەمی سەرمایەداری و ڕیشەکانی ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانی لە کۆمەڵگادا و بۆ بەرگریکردن لە سۆسیالیزم و ڕزگاری مرۆڤ بەکار بێنن. نابێ ڕێگە بدرێت کە چینی دەسەڵاتدار بە یارمەتی ئایدۆلۆگەکانی و بە کەڵک وەرگرتن لەم تێکنۆلۆژییە، بە یەکلایەنە فەزای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە خزمەت ئەندازیاریکردن و بەلاڕێدابردن و ژەهراویکردنی بیروڕای گشتی داگیر بکات

بزووتنەوەی خوێندکاری بەهۆی پێکهاتەکەیەوە بە شێوەیەکی سروشتی ئەو تواناییەی هەیە وەک هاوپەیمانی ڕێکخراوتری بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی لاوان کە دژی گوشارە بەرینەی ئابوورییەکان، بێمافییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئاستەنگییە فەرهەنگی و سیاسییەکان، گەڕەکی شارەکانی ئێرانیان کردووەتە مەیدانی ناڕەزایەتی دژی ڕژیمی ئیسلامی، ڕۆڵ بگێڕێت. هەر لەم ڕاستایەدا لەسەر چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری پێویستە کە خۆیان بە کەمپەین و هەڵمەتە ئانلاینەکان و پەیوەندییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا سنووردار نەکەن، بەڵکوو پەیوەندییەکی چالاک لەگەڵ تۆڕی لاوانی شۆڕشگێڕ، کە لە ڕێکخستن و ڕێبەریی ناڕەزایەتییەکان لە گەڕەکی شارە جیاجیاکانی ئێراندا ڕۆڵ دەگێڕن، دروست بکەن. دامەزراندنی ئەم پیوندە زیندووانە و جێخستنیان، لە پێداویستییەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سەرکوتگەرییەکانی ڕژیمی ئیسلامییە

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای بەرزڕاگرتنی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار و بەرزڕاگرتنی یادی گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی خوێندکاری، بانگەوازی چالاکانی ڕادیکال و سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری دەکات بۆ تێکۆشانی بێوەچان لەپێناو ڕێکخراوبوونی ئەم بزووتنەوەیە و پێکهێنانی پەیوەندیی بەرینتر لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە

**پیرۆزبێت ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار**

**بەرز و بەڕێز بێت یادی**

**گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی خوێندکاری**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

سەرماوەزی ١٤٠٤

نۆڤەمبەری ٢٠٢٥

*** 

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# به بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان (٢٠٢٥)

ساڵ بەسەر کوژرانی خوشکەکانی "میرابێل" بە دەستی جەنایەتکارانی ڕژیمی دیکتاتۆریی "ڕافائێل تروخیۆ" لە دۆمینیکەن تێدەپەڕێت. دوای ئەشکەنجە، دەستدرێژی و ئەو کوشتنە دڕندانەیە بوو کە "پاتریا"، "مینێرڤا" و "ماریاتێرێزا" میرابێل، وەک هێمای خەبات دژی دیکتاتۆری و توندوتیژیی دەوڵەتی و سیمبولی تێکۆشان لەپێناو ئازادیدا، بە ناسناوی "پەپوولە لەبیرنەکراوەکان" لە سەرتاسەری جیهاندا ناوبانگیان دەرکرد. ئەشکەنجە و کوشتنی سامناکی ئەم ژنە تێکۆشەرانە و کاردانەوەی بەربڵاوی ژنانی شۆڕشگێڕ و پێشڕەو و ڕێکخراوە فێمینسیتییەکانی جیهان دژی ئەم تاوانە، خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانی لە جیهاندا خستە قۆناغێکی نوێوە و سەرەنجام ٢٥ی نۆڤەمبری وەک ڕۆژی جیهانیی خەبات بۆ سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کرد

٢٥ی نۆڤەمبر، وەبیرهێنەرەوەی ئەو توندوتیژییەیە کە ژنان لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژانە ئەزموونی دەکەن؛ توندوتیژییەک کە جێنۆساید لە غەززە لەلایەن دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە، شەڕ و ئاوارەیی لە سوودان، هەژاری و برسییەتی و کۆچ لە ئەفغانستان، دژایەتیکردنی پەنابەران لە دڵی ئەورووپا و ڕەوتی هەڵکشانی توندوتیژیی دیجیتاڵی، ڕەهەندێکی کارەساتباریان پێ بەخشیوە. توندوتیژییەک کە ژنان لە ئێران لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی ئاپارتایدی ڕەگەزیدا، هەموو ساتێک ڕووبەڕووی دەبنەوە. توندوتیژییەکی پێکهاتەیی و بەدامەزراوەییکراو کە بەپێی ئامارەکانی دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لانیکەم یەک لەسەر سێی ژنانی جیهان لە ماوەی ژیانیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە و لە ئێرانیش زۆرینەی هەرەزۆری ژنان بەهۆیەوە زیانیان بینیوە. ئەم توندوتیژییە، دیاردەیەکی تاکەکەسی یان بەڕێکەوت نییە؛ بەڵکو یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگای چینایەتی و سەرمایەداری. توندوتیژی دژی ژنان پەیوەندییەکی پێکهاتەییە کە چینی دەسەڵاتدار، بە پشتبەستن بە فەرهەنگی باوک/پیاوسالاری، بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستە و کاری ژنان بەکاری دەهێنێت

لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، دژایەتیکردنی ژنان لە تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە. ئاستی نزمی بەشداریی ئابووریی ژنان، بێمافی و هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە بەپێی یاسا سەپێندراون، وە گوشارە ئەمنییەکان بۆ سەر ژنانی ناڕازی، وێنەیەکی ڕوون لە کارکردی توندوتیژیی پێکهاتەی دەسەڵات دەخەنە ڕوو. بوونی ملیۆنان ژنی سەرپەرشتیاری خێزان کە دەستەویەخەی هەژاری و نائەمنین، پەرەسەندنی هاوسەرگیریی منداڵان کە ژیان و ئاواتی منداڵانەیان پەڕ پەڕ دەکات، ڕەهەندە بەربڵاوەکانی توندوتیژیی خێزانی و ئەو تاوانە قێزەونانەی کە لەژێر ناوی قەتڵی ناموسیدا ئەنجام دەدرێن، هەر هەموویان دەریدەخەن کە توندوتیژی دژی ژنان تایبەتمەندیی پێکهاتەیەکە کە تێیدا نەزمی سەرمایەداری و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی تێکەڵ بە یەکتر بوون

لە ئێران تەنانەت ئامارەکانی دامودەزگا حکوومەتییەکانیش پشتڕاستی دەکەنەوە کە ڕێژەی بەشداریی ئابووریی ژنان لەژێر ١٥ لەسەدە، واتە لە ئاستی مامناوەندی جیهانی زۆر خوارترە. ئەم بارودۆخە لە کاتێکدایە کە حەشیمەتی ژنانی خوێندەوار و دەرچووی زانکۆ سێ هێندە زیادی کردووە. سیاسەتی خستنە دەری ژنان لە مەشاغڵ و کارە فەرمییەکان و ناچارکردنیان بە خانەنشینی و یان کارە نافەرمییەکان بە شێوەی دوورکاری لە ماڵەوە، پەرستاریی منداڵان، ئاشپەزی و کاری هاوشێوە لە ماڵی دەوڵەمەندەکان، دوای ڕاپەڕینە ئینقلابییەکانی ساڵانی ڕابردوو و ڕۆڵگێڕانی ژنان لەم ڕاپەڕینانەدا، توندتر بووەتەوە. حکوومەتی ئیسلامی بەم پاساوە کە "کاری سەرەکیی ژنان پەروەردەکردنی منداڵ، خزمەتکردنی هاوسەر و کار لە ماڵەوەیە"، ژنان لە کارە فەرمییەکان و لە فەزای کراوەی کۆمەڵگا دەخاتە دەرەوە. بەڵام وەها بیانووگەلێکی پیاوسالارانە، لۆژیکێکی سەرمایەدارانەی لەپشتە. سەرمایەدارانی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت لە کۆماری ئیسلامیدا، دەیانەوێت هێزی کار و بەرهەمهێنانەوەی ئەو



هێزە هەرچی زیاتر هەرزان بکەن. ئەم ژنانە و هەروەها ژنانێک کە لە کارگە بچووکەکانی خوار ١٠ کەسدا کار دەکەن، لە وەرگرتنی لانیکەمی حەقدەست، جۆرەکانی بیمە و ئەو مافانەی لە هەمان یاسای دژی کرێکاریشدا هاتوون، بێبەشن. ئەم دۆخە لە پاڵ توندبوونەوەی دەرئەنجامی گەمارۆ ئابوورییەکان، بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و بێدەرەتانیی ژنان و سەرهەڵدانی دیاردەی ژنانی مۆعتاد و کارتۆنخەو، دابەزینی تەمەنی لەشفرۆشی و هاوسەرگیریی پێشوەختەی کچانی منداڵ، کە ئەمانەش توندوتیژی دژی ژنانیان پەرەپێداوە و بێگومان بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنانیشیان زیاتر خستووەتە مەترسییەوە

بەڵام سەرەڕای ئەو هەلومەرجە سەختەی ژنانی تێدایە، ڕۆڵی پێشەنگانەی ژنان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" و بەشداریی بەرچاوی ژنان لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو و ڕۆڵگێڕانیان لە ناڕەزایەتییەکانی خانەنشینان، مامۆستایان، خوێندکاران، پەرستاران، کەمپەینی "نا بۆ سێدارە" و بزووتنەوەی دادخوازی، نیشانی داوە کە ژنان کۆڵەکەیەکی سەرەکیی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین لە ئێران. ژنان لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بە کردەوەی نمادینی وەک فڕێدانی ڕووسەری و لەچکە لەسەر شەقام و ئاگرتێبەردانیان و سەما و هەڵپەڕکێ لە دەوری ئاگر، جوانترین دیمەنەکانیان دژی ڕژیمی ئاپارتایدی ڕەگەزی خوڵقاند، یاسا دژەژنەکانی حکوومەتی ئیسلامییان پێشێل کرد و لە پانتایی ئێراندا تۆوی ئازادی و بوێرییان چاند و بە خوێنی خۆیان ئاوییان دا. ژنان بەم ئازایەتییە، دیواری حیجابی ئیسلامی و ناوەندەکانی "بەرەنگاربوونەوەی بێحیجابی"یان بەسەر حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران و ئاخوندە مێشکوشکەکاندا وێران کرد. ئەوان نەتەنیا سیمای شەقام و شارەکانی ئێرانیان گۆڕیوە، بەڵکوو بە بەشداریی خۆیان سیمای بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی ئێرانیشیان گۆڕیوە

ئەم گیانفیدایی و پێشڕەوییانە لە کاتێکدایە کە بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن، هێشتا هەموو هێز و لەشکری خۆی نەهێناوەتە مەیدانی نەبەردەوە. پێویستە هەڵسوڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنان بە چڕبوونەوە لەسەر خواستەکانی ژنانی ناو ماڵ، ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە گەڕەکە هەژارنشین و پەراوێزی شارەکان، ئەم بەشە لە هێزە مەزنەکەیشیان بێننە مەیدانەوە. بە هاتنەمەیدانی ڕێکخراوی ئەم بەشە لە هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن و بە ستراتیژیی یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، دەکرێت نەک تەنها ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی شۆڕشگێڕانە، بەڵکوو لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارییەتیی تایبەت بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بنبڕکردنی فەرهەنگی پیاوسالاری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەران بکرێتە ئاسۆی ڕوون و مسۆگەری خەبات

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی ئەو ژنانەی بوونەتە قوربانیی توندوتیژی و تەواوی ئەو مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازانەی لە ڕێگای ڕزگاریی ژناندا خەباتیان کردووە و گیانیان بەخت کردووە، بانگەوازی سەرجەم کرێکاران و خێڵی مەزنی چەوساوەکان دەکات بۆ یەکێتی و هاوپشتی لە خەباتدا لەپێناوی پاشەکشەپێکردنی دەستێوەردانی ئایین لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ژنان، لەپێناوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداری و لەپێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە تێیدا هیچ مرۆڤێک بەهۆی ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، ڕەنگی پێست و... تووشی هەڵاواردن نەبێت

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**مەرگ و نەمان بۆ سەرمایەداری و پیاوسالاری**

**بژی ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

خەزەڵوەری ١٤٠٤

نۆڤەمبری ٢٠٢٥

❊ ❊ ❊

# ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بۆ ڕێزگرتن لە ١٦ی سەرماوەز، هێمای خەبات دژی کۆنەپەرەستی و ئیستیبداد

لە سەروبەندی ڕۆژی خوێندکارداین. لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢وە تا بە ئەمڕۆ، زیاتر لە حەوت دەیە تێدەپەڕێت. حەفتا و دوو ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، خوێندکارانی زانکۆی تاران لە کاردانەوە بە سەفەری "نیکسۆن" – جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا – بۆ ئێران، دەستیان دایە نارەزایەتی. سەفەری نیکسۆن، ئەویش تەنیا سێ مانگ دوای کودەتا نگریسەکەی ٢٨ی گەلاوێژ کە بە مەبەستی پشتیوانی لە ڕژێمی کودەتاچیی پەهلەویی دووهەم دەهاتە ئێران، زیاتر لە هەر شتێک تووڕەیی و نەفرەتی خوێندکارانی خەباتکار و شۆڕشگێری لێکەوتبووەوە. تووڕەییەک کە لە ئەمریکا و ڕژێمی دەستنیشاندە و کودەتاچییەکەی سەرچاوەی دەگرت، زانکۆی تارانی بەرەو ڕێکخستنی نارەزایەتی بەرینی خوێندکاری لەدژی ئیستیبداد، کۆنەپەرەستی ناوخۆیی و ئەمریکا برد




تووڕەیی شۆڕشگێرانەی خوێندکاران، ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک ئاگرێکی کڵپەسەندوو دژی ڕژێمی سەڵتەنەتی و پشتیوانە ئیمپریالیستەکەی لە کۆلێژی تەکنیکی زانکۆی تاران بڵێسەی سەند. ڕژێمی بەرهەمهاتووی کودەتا و هێزە سەرکوتگەرەکانی، بۆ بەخێرهاتنی نیکسۆن و نمایشی جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان، خوێندکارانی نارازییان دایە بەر دەستڕێژی گوللە. لەو پەلامارە وەحشیانەیەدا، سێ خوێندکاری خەباتکار، (ئەحمەد قەندچی، شەریعەت ڕەزەوی و مستەفا بوزورگنیا) بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سەرکوت گیانیان بەخت کرد. بەدوای گیانبەختکردنی ئەم سێ خوێندکارە شۆڕشگێڕە و وەک ڕێزێک بۆ یاد و بیرەوەریی هەمیشەیی ئەوان، ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک "ڕۆژی خوێندکار" لە بیری مێژوویی خوێندکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا مایەوە

مانەوەی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە یادی خەڵکی ئێراندا، لە واقیعییەتی عەینیی خەباتی ئازادیخوازانە و دژە ئیستیبدادی خوێندکارانی چەپ، شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ لە سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆریی پەهلەویی دووهەمەوە سەرچاوەی گرتووە؛ خەباتێک کە لەو ڕۆژەوە تا بە ئەمڕۆ و لە ماوەی زیاتر لە حەوت دەیەدا، هەقانییەتی خەباتکارانەی خۆی لە زهنییەتی جەماوەری وشیاری کۆمەڵگەدا جێخستووە. هەر بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران، نەتەنیا لەژێر دەسەڵاتی ئیستیبدادی پاشایەتی ڕابردوودا، بەڵکوو لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی و ستەمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامیشدا، هەمیشە یەکێک لە سەنگەرەکانی خەبات دژی ستەم و نایەکسانی بووە

بزووتنەوەیەک بە پێگەیەکی جەماوەرییەوە کە کۆماری ئیسلامی بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی خەباتی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرانەی ئەم بزووتنەوەیە لە ڕژێمی پێشوودا، هەمیشە لە بەهێزبوونی ترساوە. هەر بەهۆی ئەم ترسەوە بوو کە خومەینی و دەسەڵاتدارانی تری ئیسلامی، هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکان، پەلاماردانی زانکۆکانیشیان خستە بەرنامەی کاری خۆیانەوە. سەرکوت و پەلامارێک کە لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی حکوومەتی ئیسلامییەوە لە زانکۆکان دەستی پێ کرد و لە ڕۆژانی یەکەم و دووهەمی گوڵانی ١٣٥٩ لەژێرناوی"ئینقلابی فەرهەنگی"دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ڕۆژانێکی خوێناوی کە هێزەکانی بەسیج و سپا لە هێرشێکی وەحشیانەدا بۆ سەر زانکۆکانی وڵات، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی چەپ و شۆڕشگێریان کوشت و زانکۆکانیشیان بۆ ماوەی دوو ساڵ داخست. دوای ئەوە، پرۆسەی پاکسازییان دەست پێ کرد و هەزاران مامۆستا و خوێندکاری کۆمۆنیست و خەباتکار و پێشکەوتووخوازیان دەرکرد

دوای دوو ساڵ کە زانکۆکان کرانەوە، بە پەیڕەوکردنی سیستەمی "گۆزینیش" و پشکبەندی (سەهمییە)، هێزەکانی بەسیج و سپا و مۆرەکانی ڕژێم بەتەواوی دەستیان بەسەر زانکۆکاندا گرت. بۆ لانیکەم دە ساڵ، زانکۆ بوو بە "حەیات خەڵوەت"ی ڕژێم و بزووتنەوەی خوێندکاری لەو ساڵانەدا بە کردەوە کەوتە پەراوێزەوە. لەدوای ئەوەش، سەرەڕای ئەوەیکە تا ساڵانی سەرەتای دەیەی هەشتا لەژێر هەیمەنەی نفووزی "ڕیفۆرمخوازان"ی حکوومەتیدا بوو، بەڵام دیسانەوە یەکێک لە خوێناویترین سەرکوتەکانی خۆی لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی "محەممەد خاتەمی" و لە ڕاپەڕینی شەش ڕۆژەی پووشپەڕی ٧٨دا ئەزموون کرد. سەرکوتگەرییەک کە لە ساڵانی ٨٢ تا ٨٥یش درێژەی هەبوو و زۆرێک لە خوێندکارانی ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەب لەو ساڵانەدا دەسبەسەر و دەرکران و "ستارەدار" کران

بەڵام لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری ڕیشەی لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا هەبوو، لە نیوەی دووهەمی دەیەی هەشتاوە، بزووتنەوەی خوێندکاریی چەپ و ڕادیکاڵ بە وانە وەرگرتن لە خەباتی بوێرانەی خوێندکاران لە سەردەمی ستەمشاهیدا و بەتایبەت بە ئیلهام وەرگرتن لە ١٦ی سەرماوەز – ڕۆژی خوێندکار – هێدی هێدی پشتی ڕاست کردەوە. ساڵ لە دوای ساڵ باڵای کرد، لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی بەفرانباری ٩٦دا بە دروشمی "ئیسلاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا، ئیتر تەواوە ماجەرا"، هەمووی پەیوەندییەکی لەگەڵ دەسەڵات پچڕاند و دوای ئەوەش، لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا خۆی خستە ئەو پێگەیەوە کە شیاوی بوو

لەماوەی هەموو ئەم ساڵانەدا، هەرچی بزووتنەوەی خوێندکاری زیاتر باڵای کردبێت، پەلامار بۆ سەر زانکۆکان و سەرکوتکردنی خوێندکارانی چەپ و شۆڕشگێڕیش توندتر بووەتەوە. لە سەردەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی نیوەی دووهەمی ١٤٠١ و مانگەکانی دواتری تا بە ئەمڕۆ، هەزاران خوێندکاری چەپ و خەباتکار و ئازادیخواز، دەرکراون، دەسبەسەر و زیندانی کراون. ژمارەیەکی زۆر مامۆستا پاکسازی کراون یان بە سەپاندنی خانەنشینیی پێشوەختە لە وانەوتنەوە بێبەش کراون. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم پیلان و سەرکوتگەری و زیندان و گرتن و بەندکردنانە، لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری بەگشتی ڕیشەی لە خەباتی کۆمەڵگەدایە و هێزی بزوێنەری جەماوەری زەحمەتکێشن، خەباتی خوێندکاری وێڕای هەموو ئەو هەوراز و نشێوانەی تا ئێستا هەیبووە، نەتەنیا ڕێگری کردووە لەوەی ڕژێم زانکۆکان بکاتە سەربازگە، بەڵکوو بە خۆڕاگری، خەبات و پێداگری لەسەر داخوازیی ئازادیخوازانە و بەرابەریتەڵەبانە، هەنگاوی گەورەی بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە و هۆوییەتی خەباتکارانەی خۆی هەڵگرتووە. هۆوییەتێکی سەربەخۆ کە لە هاوڕێیەتی و هاوهەنگاوی لەگەڵ خەباتی کرێکاران و ژنان و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێراندا، بەش بە حاڵی خۆی ڕۆڵی لەم خەباتەدا گێڕاوە

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بە بۆنەی ڕێزگرتن لە ڕۆژی خوێندکار، ئەم ڕۆژە مێژووییە کە ڕۆژی هەستانی بزووتنەوەی خوێندکارییە دژی کۆنەپەرەستی و ئیستیبداد و ڕۆژی هاوپشتیی خوێندکارانە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەپێناو بەرگری لە ئازادی و یەکسانی، لە سەرجەم خوێندکاران، بەتایبەت خوێندکارانی چەپ و کۆمۆنیست و خەباتکار و مامۆستایانی پێشکەوتووخواز پیرۆزبایی دەکات. بەو هیوایەی نەک هەر ١٦ی سەرماوەز، بەڵکوو سەرجەم ڕۆژەکانی خوێندن، ببێتە ڕۆژی خرۆشانی خوێندکاران لەپێناو پاراستنی سەنگەری زانکۆ و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی

**بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی – بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٥ی سەرماوەزی ١٤٠٤ – ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❋❋❋

## ڕاگەیەندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان!

**با لە دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان یەکگرتوو بین!**

٢٥ی نۆڤەمبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە. سەپاندنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی سەردەمە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەهەندی بەربڵاوتر بەخۆیەوە دەگرێت. لەئێستادا پانتایی توندوتیژی دژی ژنان گەیشتووەتە ئاستێک کە هەموو ڕۆژێک لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە بەرینەدا، گیانی ژنێک لە ناوماڵ، لە شوێنی کار و لە شەقام دەستێندرێت. ئەوەیکە ئەم تاوانانەی بەرچاوتر کردووەتەوە، جۆری کوشتاری ئەو ژنانەیە. ژنانێک کە بکوژەکانیان زۆربەی کات کەسوکاری نزیک و ئەو باوکانەن کە بە ڕەنج و زەحمەت




کچەکانیان گەورە کردووە؛ یان پیاوانێکی دژەژنن کە بە گومانی خۆیان هاوسەرەکانیان ئاشقانە خۆش دەویست. پیاوانێک کە تا پێش لەوە هەرگیز تووشی کوشتن، تاوان و توندوتیژی نەببوون، بەڵام لە ساتێکدا بە بیانووی بەرگری لە "شەرەف و غیرەت و ئابڕووی خێزان"، بە پەیڕەوی‌کردن لە دابونەریتی دواکەوتووانەی ئایینی و لەژێر ناوی "مافی خاوەنداریکردن بەسەر جەستەی ژن"دا، ناو و نیشانی ئازیزانیان بە توندوتیژییەکی بێبەزەییانە لەسەر زەوی دەسڕنەوە.

بەڵام لەڕاستیدا چەکی ژن‌کوژی و دواکەوتوویی کولتووری و دابونەریتی کۆنەپەرستانە و هەڵاواردنی ڕەگەزی، پیاوسالاری و خاوەنانی کار و سەرمایە خستوویانەتە دەستی ئەم پیاوە دژەژنانە، تا کۆمەڵگا هەروا بەو شێوەیە بڕواتە پێش کە ئەوان دەیانەوێت. تا سەپاندنی ژێردەستەیی، نایەکسانیی ڕەگەزی و ستەم و هەڵاواردن دژی ژنان بەو شێوەیە بەردەوام بێت کە خوداکانی کار و سەرمایە دەخوازن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرەڕای ئەو هەڵاواردنانەی کە دەوڵەتانی کۆنەپەرست و خاوەنانی کار و سەرمایە بەسەر ژنانیاندا سەپاندووە، خەبات بۆ کۆتایی‌هێنان بەم وەحشیگەری و بەربەرییەتە دژی ژنان، دەمێکە لەبەرچاوی هەموو خەڵکی جیهاندا بەردەوامە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئازادیی ژن، حورمەت و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی ئەو، تەنیا کاتێک مسۆگەر دەبێت کە ژنان لە هەموو بوارێکی یاسایی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا وەک مرۆڤی یەکسان لە کۆمەڵگادا بناسرێن. مافی شارۆمەندی، حورمەت و ئەمنییەتیان لە تەواوی لایەنەکانی ژیاندا وەک هاووڵاتییانی یەکسان بە ڕەسمییەت بناسرێت.

بەڵام مێژوو دەریخستووە کە بنەبڕکردنی ڕیشەیی توندوتیژی دژی ژنان، نە بە پەسەندکردن، نە بە گۆڕین و جێبەجێکردنی ئەم یان ئەو یاسایەی نیزامە سەرمایەدارییەکان ڕوو دەدات و نە بە لوتفی خێرخوازانەی یاسادانەرانی نەزمی مەوجوود. ڕزگاریی ژن و کۆتایی‌هێنانی ڕیشەیی بە توندوتیژی و ستەم دژی ژنان، بە کۆتایی‌هێنان بە سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێهەڵاواردن و دوور لە نایەکسانیی سیاسی و ئابووری و ڕەگەزییەوە گرێ دراوە. بەبێ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی داماڵدراو لە ستەم و چەوسانەوە – کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی – کە حورمەت و ماف و یەکسانیی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا بە ڕەسمییەت بناسێت و زەمانەتی بکات، توندوتیژی دژی ژنانیش کۆتایی پێ نایەت.

چەکی توندوتیژی دژی ژنان، هەمیشە لە دەستی سەرمایە و ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی وەک کۆماری ئیسلامیدایە. ئەمڕۆ بزووتنەوەی ئازادی و یەکسانیی ژن لە ئێران بۆ کۆتایی‌هێنان بە هەر چەشنە توندوتیژییەکی دەوڵەتی و ئایینی و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دابونەریتی دژەژنی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، سەری هەڵداوە. ڕاپەڕینی ژینا، پۆتانسیەل و وزەی بەرزی ئەم بزووتنەوەیەی بە هەموو خەڵکی جیهان نیشان دا. پاش تێپەڕینی زیاتر لە چوار دەیە سەپاندنی توندوتیژی و تاوان و هەڵاواردنی ڕەگەزی لەلایەن دەسەڵاتی ژن‌کوژی کۆماری ئیسلامییەوە دژبە ژنان، ئێستا بە هیممەتی خەبات و تێکۆشانی بوێرانەی ژنان و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کۆمەڵگا بەرەو ئاراستەیەک پەل دەهاوێ کە ئەنجامدانی توندوتیژی و ستەم دژی ژنان لە خاڵی کۆتایی خۆی نزیک بووەتەوە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، شانبەشانی بزووتنەوەی ئازادیی ژن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئینسانی، دوور لە هەر چەشنە ستەم و نایەکسانییەک، تێدەکۆشێت. لە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبر بەرانبەر بە ٤ی سەرماوەز، یەکگرتوو و هاودەنگ لە دژی دەسەڵاتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی و لە دژی سێدارە و سەرکوت دەنگمان بەرزتر بکەینەوە.

**بڕووخی ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیسم**

١٩-١١-٢٠٢٥

ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❋❋❋

## ڕاگەیەندراوی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان به بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر

٢٥ی نۆڤەمبر ڕۆژی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە. بەرزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە ملیۆنان ژن لەئاستی ئێران و جیهاندا، ڕۆژانە ڕووبەڕووی شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی، ئابووری و یاسایی دەبنەوە. ئەم ڕۆژە، هاوارێکی بەکۆمەڵە دژ بە نەزمێک کە توندوتیژی دژی ژنانی کردووەتە مەرجی مانەوە و بەردەوامیی خۆی. بەپێی ڕاپۆرتە نێونەتەوەییەکان، لە هەر سێ ژن لە جیهاندا، لانیکەم یەکیان جارێک توندوتیژیی جەستەیی یان سێکسیی ئەزموون کردووە. لە ئێرانیشدا، توێژینەوە و ئامارە فەرمییەکان دەریدەخەن کە زیاتر لە ٦٥٪ی ژنان، شێوە یان جۆرێک لە توندوتیژیی خێزانی، کۆمەڵایەتی یان ئابووریيان بەسەر هاتووە. ئەم ئامارانە بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کە توندوتیژی دژی ژنان، سازوکارێکی هەمیشەیی و بەردەوامە بۆ پاراستنی نەزمی چینایەتی و پیاوسالاری. توندوتیژی دژی ژنان خۆی بەشێوازی جۆراوجۆر و بەربڵاو نیشان دەدات: لە سووکایەتی و بێڕێزی، هەڕەشە، لێدان و ئەشکەنجە، ئازار و دەستدرێژی سێکسی، هاوسەرگیریی زۆرەملێ و بەشوودانی منداڵانەوە بگرە، تا بێبەشکردن لە مافی کار، خوێندن، هەڵبژاردنی جلوبەرگ و کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژن

لە ساڵی ١٤٠١دا، لانیکەم ٩ هەزار هاوسەرگیری بۆ کچانی خوار تەمەن ١٤ ساڵ تۆمار کراوە؛ ئەمە واتە بەیاساییکردنی توندوتیژی دژی منداڵان و گۆڕینی جەستەی کچان بۆ موڵکی خێزان و دەسەڵات. سیاسەتە یاسایی و قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی، وەک دەسەڵاتێک کە بناغەکەی لەسەر پیرۆزکردنی خاوەنداریەتیی تایبەت و شەریعەتی ئیسلام دامەزراوە، هۆکاری سەرەکیی ئەو توندوتیژییە بێئەژمارانەیە کە دژ بە ژنانی ئێران ئەنجام دەدرێت. لە یاساکانی دیە و قیساسەوە بگرە تا یاسای خێزان و سیاسەتەکانی پەیوەست بە دانیشتووان، سەرجەمیان پێکهاتەیەکی دژەژنیان هەیە و ژێردەستەیی یاسایی و ماددیی ژنان بەڕوونی نیشان دەدەن. ڕێژەی بەشداریی ئابووریی ژنان لە ئێراندا لە ساڵانی ڕابردوودا لەژێر ١٥٪ ماوەتەوە، کە یەکێکە لە نزمترین ڕێژەکان لە جیهاندا؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی بێکاریی ژنانی گەنج دوو بۆ سێ هێندەی پیاوانە. لە پاڵ ئەمەشدا، زیاتر لە سێ ملیۆن ژنی سەرپەرستی خێزان لەژێر گوشاری لەڕادەبەدەری توندوتیژیی ئابووری، بێکاری، هەڵاواردن و هەژاریدان. "ناقص‌سازی" یان خەتەنەکردنی ژنان، ئەو کردەوەیەی کە تێیدا بەشێک لە ئەندامی جنسی کچان و ژنان دەبڕدرێت و لەژێر ناوی "سوننەت"، "پاکداوێنی" یان "پاراستنی نامووس" پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە، یەکێکە لە وەحشیانەترین شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنان. ئەم کردەوەیە، کە لە هەندێک ناوچەی ئێران بەتایبەت لەنێو کچانی کەم تەمەندا ئەنجام دەدرێت، نە دابونەریتێکی بێزیانی ناوچەیی، بەڵکوو جۆرێکە لە شێواندنی جەستە و پەلامارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر مافی ژن بەسەر جەستە، چێژ، تەندروستی و مرۆڤایەتیی خۆیەوە

ستەمی ڕەگەزی و چەوسانەوەی چینایەتی بە شێوەیەکی ئاڵۆز تێکەڵ بە یەک بوون. سەرمایەداری بۆ کەڵەکەکردنی قازانجی خۆی پێویستی بە هێزی کاری هەرزان و گوێڕایەڵ هەیە و سیستەمی پیاوسالاریش، ئامرازی ئایدۆلۆژیک و ماددیی ئەم ملکەچبوونە دابین دەکات. لە ئێران، ٤٣٪ی ژنانی لەسەرکار و شاغڵ لە کەرتە نافەرمییەکان و بەبێ بیمە کار دەکەن و ٣٥٪ی ژنانی شاغل، ئازاری سێکسی یان زارەکییان لە ژینگەی کاردا ئەزموون کردووە. بۆشایی حەقدەست لەنێوان ژنان و پیاواندا بەشێوەی مامناوەند ٢٥ تا ٣٥ لەسەدە؛ ئەمەش یانی ژن نەک تەنیا لە ماڵەوە، بەڵکوو لە کارخانە، ئیدارە، کارگە،




قوتابخانە و نەخۆشخانەشدا بە چەند قات زیاتر دەکرێتە ئامانجی چەوساندنەوە. کاری نێو ماڵ، کە بەزۆری لەسەر شانی ژنانە، لە چاودێریکردنی منداڵان و بەساڵاچووانەوە تا خواردن دروستکردن و خاوێنکردنەوە، بەهایەکی بەرامبەر بە ٣٠ تا ٤٠٪ی بەرهەمی ناخالسی ناوخۆیی هەیە، بەڵام نە دەبینرێت، نە کرێی پێ دەدرێت و نە وەک کار بە ڕەسمی دەناسرێت

زیاتر لە ٧٠٪ی ژنانی قوربانیی توندوتیژیی خێزانی، سەر بە چینی کرێکار و توێژە کەمدەرامەتەکانن. تێچووی ئابووریی توندوتیژی دژی ژنان لە ئاستی جیهانیدا ساڵانە نزیکەی ١.٥ تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت؛ بەهایەک کە لە ڕاستیدا جەماوەری زەحمەتکێش، لەوانە ژنانی کرێکار و هەژار، دەبێ بیدەن. گەمارۆکان، هەژاری و پەرەسەندنی توندوتیژیی سیاسەتە ئیمپریالیستییەکان، شەڕەنگێزی کە تێیدا دەستدرێژی بۆ سەر ژنان وەک ئامرازێک بۆ خۆسەپاندن و زاڵبوون بەکار دەهێنرێت و گەمارۆ ئابوورییەکان، کە بە ناوی "گوشار بۆ سەر حکوومەت" دەسەپێنرێن، بەکردەوە گوشارەکانی سەر ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەتایبەت ژنانی چەندین بەرابەر کردووەتەوە. ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە گەمارۆکان لە ئێراندا ڕێژەی هەژاریی ژنانی سەرپەرستی خێزانی نزیکەی ٤٠٪ بەرز کردووەتەوە. کەمکردنەوەی بودجەی تەندروستی و پەروەردە، گرانیی بێسنوور و بێکاریی بەربڵاو، ژنان زیاتر لە جاران دەخاتە بەر مەترسیی توندوتیژیی خێزانی، لەشفرۆشی و وازهێنان لە خوێندن. توندوتیژی دژی ژنان تەنیا مەسەلەیەکی "ژنانە" نییە، بەڵکوو مەسەلەیەکی سەرتاپا چینایەتی و کۆمەڵایەتییە

ئەوەی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان گرنگە ئەوەیە کە ڕزگاریی ژنان بەبێ ڕزگاریی چینی کرێکار و جەماوەری چەوساوە مەحاڵە، هەر وەک چۆن هیچ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەبێ بەشداریی ئاگایانە و یەکسانی ژنان سەرکەوتوو نابێت. ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا نیشانی دا کە خەبات دژی توندوتیژیی ڕەگەزی دەتوانێت ببێتە هێزێک بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ تەواوی نەزمی سەرمایەداریی ئیسلامیی دەسەڵاتدار. ژنانی ئێران ئەم ئاگاییە ڕزگاریخوازانەیان بە ئاسانی بەدەست نەهێناوە، بەڵکوو نزیکەی پێنج دەیە خەباتی هاوکات و ڕۆژانەیان دژی دەسەڵاتی دڕندەی سەرمایەداریی ئیسلامی بەرەوپێش بردووە. خەباتێک کە نەک تەنیا زەربەی قورسی لە کۆماری ئیسلامی داوە، بەڵکوو ناچار بە پاشەکشەشی کردووە

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پەیوەندیی ئاگایانە و ڕێکخراوی بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی مامۆستایان، خوێندکاران، خانەنشینان، بێکاران و ستەملێکراوانی نەتەوەیی و ئایینی، مەرجی بنەڕەتیی شکاندنی بازنەی توندوتیژی و چەوسانەوەیە. هەر مانگرتنێکی کرێکاری بۆ حەقدەستێکی دادپەروەرانە، هەر کۆبوونەوەیەکی مامۆستایان بۆ خوێندنی خۆڕایی و یەکسان، هەر نارەزایەتییەکی خوێندکاری دژی سەرکوت و هەر جووڵەیەک دژی هەژاری و هەڵاواردن، کاتێک دەبێتە هێزێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاری کە توندوتیژی دژی ژنان بە ڕەسمی بناسێت و دژی بوەستێتەوە. لەم ڕووەوە، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ئەرکی سەرشانی هەموومانە. پێویستە ئێمەی کرێکاران، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و ئازادیخوازان، بێدەنگی لەئاست توندوتیژی دژی ژنان لە ماڵەوە، شوێنی کار، قوتابخانە و زانکۆ تێکبشکێنین

کۆمیتەکان، هستەکان و شوراکانی ڕزگاریی ژنان لە شوێنی کار و گەڕەکەکاندا ڕێکبخەین. دژی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی، لە لێدان و قەتڵی ناموسییەوە بگرە تا ناقس کردنی جنسی، بەشوودانی منداڵان و هەڵاواردنی یاسایی و ئابووری، کەمپەینی پەیگیر و ئاشکرا وەڕێ بخەین. هاوپشتیی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەهێز بکەین و خەبات دژی توندوتیژیی ڕەگەزی بکەینە بەشێکی دانەبڕاو لە خەبات دژی سەرمایەداری و پیاوسالاری. ڕزگاریی ژنان لە توندوتیژی، لە گرەوی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی موناسباتی چینایەتی و پیاوسالاریدایە. ئاڵای خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، ئاڵای خەباتە بۆ کۆمەڵگایەک کە تێیدا هیچ مرۆڤێک بەهۆی ڕەگەز، چین، نەتەوە، مەیلی جنسی یان باوەڕی خۆیەوە سووکایەتی پێ نەکرێت، سەرکوت نەکرێت و جەستەی نەشێوێنرێت. کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی کە تێیدا مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ سەرەکیترین بێت، نەک قازانج و دەسەڵاتخوازی

**بژی خەباتی ڕێکخراو دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان!**

**بڕووخێ کۆماری ئیسلامی!**

**بەرقەرار بێ دەسەڵاتی شۆرایی!**

**بژی سۆسیالیزم!**

**شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

١ی سەرماوەزی ١٤٠٤ – ٢٢ی نۆڤەمبری ٢٠٢٥

❋❋❋

# بزووتنەوەی خوێندکاری یەکێک لە پایەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە ئێران

١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار، وەبیرهێنەرەوەی هێرشی دڕندانەی ڕژیمی دیکتاتۆریی پاشایەتی پەهلەوییە بۆ سەر زانکۆی تاران. ٧٢ ساڵ لەمەوبەر و نزیکەی چوار مانگ دوای کودەتا نگریسەکەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢، خوێندکاران زانکۆی تارانیان کردە مەیدانی نارەزایەتی دەربرین دژی سەفەری "ڕیچارد نیکسۆن"، جێگری سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا بۆ ئێران و ڕێکخەرانی کودەتاکە. هێزە تایبەتەکانی ئەرتەشی کودەتا کە لە پەرەسەندنی نارەزایەتی خوێندکاران نیگەران بوون، لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزدا پەلاماری زانکۆی تارانیان دا. لە ڕەوتی پەلاماری ئەرتەشی ڕژیمی پاشایەتی پەهلەویدا بۆ سەر زانکۆ، سێ خوێندکار بە ناوەکانی "مستەفا بوزورگ‌نیا"، "ئەحمەد قەندچی" و "مەهدی شەریعەت ڕەزەوی" گیانیان بەخت کرد و سەدان خوێندکاری دیکەش بریندار و دەستبەسەر کران. لەو کاتەوە، ١٦ی سەرماوەز وەک هێمایەکی بەرخودان دژی دیکتاتۆری، لەلایەن ناوەندە خوێندکارییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، وەک ڕۆژی خوێندکار ناودێر کرا. بزووتنەوەی خوێندکاری سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکانی، زیاتر لە حەوت دەیە خەبات دژی دیکتاتۆریی پاشایەتی پەهلەوی و ڕژیمی سەرمایەداریی ئیسلامی لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی خۆیدا تۆمار کردووە

بزووتنەوەی خوێندکاری دوای بەشداریکردنی چالاکانە لە ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی ٥٧، کە سیستەمی پاشایەتیی پەهلەویی لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگە ڕاماڵی، ئەمجارەیان لە کێشمەکێشی نێوان شۆڕش و دژە شۆڕشدا، زانکۆی کردە مەیدانی نەبەرد لەگەڵ دژە شۆڕشی ئیسلامی. کاتێک کە دژە شۆڕشی ئیسلامی بە پاکتاوی خوێناوی، سەنگەری بەرگریی زانکۆی داگیر کرد، ئەمجارە خوێندکارانی خەباتکار لە ژێر کەشی پۆلیسی و سەرکوتدا، خۆیان بۆ نەبەردەکانی داهاتوو ئامادە کرد. لە پووشپەڕی ١٣٧٨ـەوە کە هاودەستی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی لەگەڵ سپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری، لە پەلاماردان بۆ سەر خوێندکاران بووە هۆی دابڕانی بەشێک لە جەستەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی و "سازمانی تەحکیمی وەحدەت"، باڵی چەپ و سۆسیالیستیی بزووتنەوەی خوێندکاری بە خێرایی داخوازییە سیاسی و ڕادیکالەکانی کردە سەردێڕی خەباتی خۆی. لە سەرەتای دەیەی هەشتاوە، هاوتەریب لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری، توێژێکی بەربڵاو لە خوێندکارانی چەپی ڕادیکال، چالاکییەکانی خۆیان لەسەر هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوە کرێکارییەکان و بزووتنەوەی ژنان چڕ کردەوە. بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران تەنانەت دوای سەرکوتکردنی ڕەوتی چەپ و سۆسیالیستی لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتادا، هەرگیز تەسلیمی سیاسەتەکانی بەتایبەتیکردن و بەکاڵاکردنی خوێندنی باڵا، ئەمنییەتیکردنی کەشی زانکۆکان، دژەژنی، جیاکاریی ڕەگەزی و ئیسلامیزەکردنی زانکۆکان نەبوو. خوێندکارانی ڕادیکال و سۆسیالیست لە

ڕاپەڕینی سەرتاسەریی بەفرانباری ٩٦یشدا بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدارییان کرد و دروشمی "ئیسلاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا، ئیتر تەواو بوو ماجەرا"یان بردە نێو بزووتنەوەی سیاسی جەماوەرەوە. خوێندکارانی شۆڕشگێڕ لە خەزەڵوەری ٩٨دا، لەو حەوت ڕۆژەی کە ڕاپەڕینی جەماوەر ئێرانی هەژاند، شانبەشانی بێبەشان و هەژارانی شارەکان هاتنە مەیدان، لە تەنیشت ئەواندا خوێنیان ڕژایە سەر شەقامەکان و هاوڕێ لەگەڵ ئەواندا زیندانی کران، بەڵام بەم سەرکوتە خوێناوییە چاوترسێن نەبوون و ڕایانگەیاند کە درێژەپێدەری ڕێگای گیانبەختکردووانی ڕاپەڕینی خەزەڵوەر دەبن

بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە خەرمانانی ١٤٠١، لە ئاستێکی بێوێنەدا هاتە مەیدان و بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "ئێمە هەموومان مەهساین" ژینگەی زانکۆی کردە مەیدانی مانگرتن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی دژی تەواویەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. بەشی ڕادیکال و سۆسیالیستیی بزووتنەوەی خوێندکاری لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوودا لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی مانگرتنە کرێکارییەکان لە "هەفت تەپە"، "فوولادی ئەهواز" و پیشەسازییەکانی نەوت و پترۆشیمی، لەڕێگەی ڕێکخستنی ئەکسیۆنی پشتیوانی، جەختی لەسەر ستراتیژیی یەکێتی و هاوپەیمانی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و چەوساوەکانی کۆمەڵگە کردووەتەوە. بەرزبوونەوەی دروشمەکانی "ڕۆڵەی کرێکارانین، هەردەم پشتیوانیانین"، "نان، کار، ئازادی – ئیدارەی شووڕایی"، "خوێندکار، کرێکار، مامۆستا – یەکگرن یەکگرن"، "خوێندکار وشیارە، لەگەڵ کرێکار یارە"، بە ڕوونی ئاراستەی چینایەتی ڕەوتی سۆسیالیستی بزووتنەوەی خوێندکاری لەم قۆناغەدا نیشان دەدات

ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا بەرەوپیری ڕۆژی خوێندکار دەچین کە گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شکستی ستراتیژیی "شەڕی پێشگیرانە"ی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، توندتربوونی گەمارۆ ئابوورییەکان و زۆربوونی گوشارە نێودەوڵەتییەکان، لەسەر بەستێنی قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و بەردەوامی و پەرەسەندنی مانگرتنە کرێکارییەکان و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان، ململانێ و کێشمەکێشی باندە




حکوومەتییەکانی توندتر کردووەتەوە و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی مان و نەمان بەرەوڕوو کردووەتەوە. کۆماری ئیسلامی بەهۆی ڕەهەندەکانی ئەم قەیرانە ئابوورییە و جەوهەری چینایەتی سیاسەت و ئەولەوییەتەکانی، توانای وەڵامدانەوەی بە داخوازییە بەپەلەکانی چینی کرێکار، ژنان، خانەنشینان و پەرستاران و چەوساوەکانی کۆمەڵگەی نییە. هەر ئەم واقعییەتە، لە کاتێکدا کە ستراتیژیی سەرکوتگەریی ڕژیمیش نەیتوانیوە کۆمەڵگە چاوترسێن بکات، بەردەوامی و گەشەی نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکانی خستووەتە ئاسۆیەکی نزیکەوە

لەم نێوەندەدا بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران بە پێشینەیەکی پرشنگدار کە لە خەبات دژی ڕژیمە سەرمایەدارییەکانی پاشایەتیی پەهلەوی و حکوومەتی هار و دڕندەی ئیسلامیدا هەیەتی، پێویستە هەرچی خێراتر قۆناغی پاشەکشە بۆ خەباتی پیشەیی (سنفی) تێپەڕێنێت و ڕۆڵی سیاسی پێشەنگانەی خۆی لەم قۆناغەدا بگێڕێت. لەم هەلومەرجەدا بەشی سۆسیالیست و ڕادیکالی بزووتنەوەی خوێندکاری دەتوانێت بە بەرزکردنەوەی ئاڵای داخوازییە دیموکراتیکەکان لە ئاستی کۆمەڵگەدا، لەوانە ئازادیی بێ مەرجی زیندانیانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، هەڵوەشاندنەوەی حیجابی زۆرەملێ و کۆتاییهێنان بە شەڕەنگێزیی دەسەڵاتدارانی سەرمایە، جارێکی دیکە ڕۆڵی مێژوویی خۆی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا ئیفا بکات

ئەمساڵ بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە، دۆخی "نە شەڕ و نە ئاشتی" لەژێر سێبەری هەڕەشەکانی ئیسرائیل و بەردەوامی گوشارەکانی ئەمریکا درێژەی هەیە، و لە کاتێکدا کە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و بۆرژوازیی ئێران هیوا و ئومێدیان بە هەڕەشەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و گوشارە "هەرەزۆرەکانی" دەوڵەتی ئەمریکا بۆ پڕۆژەی ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی بەستووە و هەروەها ڕەوتی کۆنەپەرستی "چەپی میحوەر موقاوەمەتی" لە دژایەتیکردن لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، خۆی لە سەنگەری شۆڤێنیزمی سووککراوی سپای پاسداران خزاندووە؛ لەم دۆخەدا پێویستە بەشی ڕادیکال و سۆسیالیستیی بزووتنەوەی خوێندکاری بە دەنگێکی بەرز و ڕەسا، شەڕەنگێزیی ئەم دوو جەمسەرە تیرۆریستییە، واتە ئیرتیجاعی سەرمایەی ئیسلامی و زلهێزە ئیمپریالیستییەکان مەحکووم بکات و جەوهەری کۆنەپەرستانەی هەڵوێست و سیاسەتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و چەپە ئابڕووچووەکانی میحوەری موقاوەمەت بۆ جەماوەری خەڵک ڕیسوا و ئاشکرا بکات

❋❋❋

## قەیرانی پیسبوونی هەوا و مەرگە خامۆشەکان

ڕاپۆرتی فەرمی وەزارەتی تەندروستی سەبارەت بە گیانلەدەستدانی ٥٨،٩٧٥ کەس لە ساڵی ڕابردوودا بەهۆی پیسبوونی هەواوە -کە دەکاتە ١٦١ کەس لە ڕۆژێکدا و ٧ کەس لە هەر کاتژمێرێکدا- وێنەیەکی هەژێنەر لە ڕاستییەک دەخاتە ڕوو کە ساڵانێکە لە سایەی بێدەنگی و بێ کردەوەیی دەسەڵاتدا سەری هەڵداوە. نیزامێک کە سڵامەتی، ژیان و ژینگەی کۆمەڵگا دەکاتە قوربانی قازانجپەرستی و مانەوەی سیاسیی خۆی. ئەم ئامارە نەتەنیا پێش ئاماری ئەو مردنانە کەوتوونەتەوە کە بەهۆی نەخۆشییە سەختەکان، ڕووداوەکانی هاتووچۆ یان کارەساتە سروشتییەکانەوە ڕوودەدەن، بەڵکوو ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران ڕووبەڕووی جۆرێک لە زەوتکردنی مافی ژیان بووەتەوە

بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەردیلەکان لە هەوادا، بەکارهێنانی بەرینی سووتەمەنییە بێکەڵک و مەترسیدارەکان لە وزەخانەکان، بەردەوامی بەکارهێنانی کەرتی گواستنەوەی کۆن و پرتووکاو، تەرخاننەکردنی بودجەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی وزەی پاک و شکستی پێکهاتەیی لە نۆژەنکردنەوەی پیشەسازییەکان؛ هەموو ئەمانە ئەڵقەگەلێکن لە زنجیرەی مەنتیقی کەڵەکەکردنی سەرمایە و ستراتیژیی مانەوەی نیزامی سیاسی دەسەڵاتدار. لە ساڵانی ڕابردوودا، حکوومەت بەکارهێنانی "مازوت"ی لە وێستگەکاندا زیاد کردوە، سووتەمەنییەک کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەکارهێنانی قەدەغەیە. ئەم بڕیارە نە لەڕووی نەزانینەوە، بەڵکوو هەڵبژاردنێکی تەواو ئاگایانەیە بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان، زیادکردنی بەرهەم لە کورتماوەدا و جێخستنی پێکهاتەکانی ئێستا. بەڵام بەهای ئەم سیاسەتانە، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر شانی چینی کرێکار، پەراوێزخراوان، منداڵان، ژنان و ئەو توێژانەی کە لە نزیک ناوەندە سەنعەتییە ئاڵوودەکان دەژین یان دەستیان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ڕاناگات

ڕاپۆرتەکانی مانگەکانی خەزەڵوەر و سەرماوەزی ١٤٠٤ نیشانی دەدەن کە دۆخەکە بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زۆر خراپتر بووەتەوە. دیاردەی "وارووونەگیی دەما"، سەرمای پێشوەخت، زیادبوونی خەستیی ماددە پیسکەرەکان و هاوکاتبوونی لەگەڵ شەپۆلی توندی ئەنفۆلانزا، بووەتە هۆی ئەوەیکە بەشەکانی هەناسەدان لە نەخۆشخانەکانی زۆرێک لە پارێزگاکان بگەنە ئاستی زیاتر لە زەرفییەتی خۆیان. داخستنی قوتابخانە و زانکۆکان لە تاران، ئیسفەهان، هەمەدان، گیلان، ئازەربایجانی شەرقی و غەربی، ئەردەبیل، ئەلبورز و هورموزگان تەنیا نیشانەیەکن لە قەبارەی ئەم قەیرانە. سەرەڕای ئەمانە، هیچ ئامارێکی نوێ لەسەر ڕێژەی مردن بەهۆی پیسبوونی هەواوە بڵاونەکراوەتەوە؛ ئەم دواخستنە زیاتر لەوەی تەکنیکی بێت، بەشێکە لە پەردەپۆشکردن و ڕوانگەی ئەمنییەتی پێکهاتەی سیاسی دەسەڵات. هەر جۆرە بڵاوکردنەوەیەکی ئامار لەم بوارەدا دەتوانێت هەستیاری و نارەزایەتی جەماوەری لێبکەوێتەوە و وەک "هەڕەشەیەکی ئەمنیی" بۆ سەر حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران سەیر بکرێت

ئێران ئەمڕۆ ڕووبەڕووی قەیرانێکی بێوێنەی سەرچاوەکانی ئاو بووەتەوە. کەمبوونەوەی ئاوی بەنداوەکان، دابەزینی مەترسیداری ئاوی ژێرزەوی، وشکبوونی تالاوەکان، ڕۆچوونی زەوی لە دەیان شاردا و کێبڕکێی بەرینی پیشەسازییە ئاوبەرەکان لەسەر سەرچاوە سنووردارەکانی ئاو، جێگیرکردن و پەرەپێدانی پیشەسازیی پۆڵا و پترۆشیمی لە ناوچە وشکەکان بەبێ ڕەچاوکردنی مەنتیقی ژینگەیی، هەر هەموویان ڕەنگدانەوەی ئەم واقعییەتە ئاشنایەن. لە بودجەبەندییە کەڵانەکاندا، ئەولەوییەتی دابینکردنی بودجە

بۆ ئەو دامەزراوە و سیاسەتانەیە کە خزمەت بە ستراتیژیی مانەوەی ڕژیم دەکەن، نەک باشترکردنی ژینگەی مرۆڤەکان. پیشەسازییە ئاوبەرەکان کە بەستراوەترین کەرتەکانن بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە بەردەوامبوونی مەنتیقی ڕانتی و کۆنترۆڵمیحوەری دەسەڵاتدا. دەرەنجامەکەشی بریتییە لە وێرانکاریی بەرینی سەرچاوە سروشتییەکان و شکڵ گرتنی ئەو نەسلانەی کە دەبێ بە بێ ئاو، بە بێ ئاسایشی ژینگەیی و بە بێ بوونی دەرفەت بۆ پێکهێنانی ژیانێکی پایدار، بژین

ئاگرکەوتنەوەی بەرین لە دارستانەکانی گیلان و مازەندەران، کە بەشێکن لە دێرینترین دارستانەکانی هیرکانی، جارێکی تر نیشانیاندا کە ڕژیمی ئیسلامی تا چ ڕادەیەک لە ئاست ئەم ئاگرکەوتنەوانەدا بێتوانا و داماوە. نەبوونی هێلیکۆپتەری ئاگرکوژێنەوە، کەمیی هێزی پسپۆڕ، کۆنە و پرتووکاوبوونی کەرەستەکان و پشتگوێ خستنی ڕاگەیاندنی دۆخی نائاسایی، نیشانەی "هەڵەی بەڕێوەبەری" نین، بەڵکوو نیشانەی داڕمانی دامەزراوەیین. حکوومەتێک کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکاتە قوربانی ئاسایشی سیاسی و ستراتیژیی مانەوەی خۆی، ئاساییە کە لە ئاست قەیرانە ژینگەییەکاندا دەستەوەستان و داماو بێت

پیسبوونی هەوا، تێکدانی دارستانەکان، قەیرانی ئاو، ڕۆچوونی زەوی و قەیرانی ژینگە ئەگەرچی دیاردەیەکی جیهانین و سیستەمی سەرمایەداری هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنیانە، بەڵام لە ئێران و لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەم قەیرانانە ڕەهەندی کۆنترۆڵنەکراویان بەخۆوە گرتووە. حکوومەتی ئیسلامی کە لە قۆناغی داڕزاندایە، چیتر توانای دابینکردنی کەمترین پێداویستییەکانی بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار نییە ؛ لە ئاوی خاوێنەوە بگرە تا هەوای پاک، پەروەردەی پارێزراو، دەرمانی پێویست و ژێرخانە سەرەتاییەکان. لەم هەلومەرجەدا، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی جۆرێک لە مەرگی خامۆش بووەتەوە؛ مەرگێک کە لە ماڵ، قوتابخانە، شەقام و شوێنی کاردا ڕوودەدات. قەیرانی پیسبوونی هەوا و قەیرانی ئاو، وەک قەیرانەکانی تری سەرمایەداری، دابەشبوونێکی یەکسانیان نییە. قوربانییە سەرەکییەکان کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران، شۆفێران، منداڵان و چینە چەوساوەکانن؛ ئەوانەی نە ئیمکانی تەهویەی گونجاو، نە ماڵێکی ساڵم و نە توانای کۆچکردنیان هەیە. لە بەرامبەردا، چینی دەسەڵاتدار و گرێدراو بە دەسەڵاتەوە، زۆرترین سوود لە سیاسەتە وێرانکەرە ژینگەییەکان دەبات؛ لە پیشەسازییە پیسکەرەکانەوە بگرە تا ڕانتی ئاو و خاک

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێران دەیبینین، لە پیسبوونی مەرگباری هەواوە تا وشکەساڵی، لە ڕۆچوونی زەوییەوە تا ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان، تەنیا "ڕووداوی سروشتی" نین، بەڵکوو ئاکامی دەسەڵاتدارییەتیی نیزامێکی ڕانتیی سەرمایەدارییە. قەیرانی ژینگەیی ئێران بە سیاسەتی سەتحی چارەسەر ناکرێت. ئەزموونی جیهانی نیشانی دەدات کە خەبات بۆ پاراستنی ژینگە، لە خەبات دژی سیستەمی سەرمایەداری و ئەو دەوڵەت و حکوومەتانەی کە پارێزەری ئەو سیستەمەن، لە درێژەی خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەران، وە لە تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی کۆنترۆڵی جەماوەری بەسەر سەرچاوەکانی ژیان و یەکگرتوویی لەگەڵ سرووشتدا، جیا نییە

❋❋❋

# هەڵیت و پڵیتی شەڕەنگێزانەی خامنەیی لەسەر بەستێنی ئیفلاسی ئابووری

عەلی خامنەیی لە وتارێکدا لە تەلەڤیزیۆنی ڕژیم لە ڕێکەوتی شەشی سەرماوەزدا، بە وتنی کۆمەڵێک بابەتی بەئاشکرا درۆ و دوور لە ڕاستی سەبارەت بە شەڕی ١٢ ڕۆژە و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، داوای لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران کرد کە سیاسەتی ڕیازەتی تەحەمول بکەن. ناوبراو لە بەشێک لە قسەکانیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئیفلاس و داڕمانی ئابووریی کۆماری ئیسلامی، لەوپەڕی بێشەرمیدا ئامۆژگاریی خەڵکی کرد کە لە ئیسراف و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی نان، ئاو، گاز، بەنزین و سەرجەم پێداویستییە خۆراکییەکان خۆ




بەدوور بگرن. ئەو وتی: "ئیسراف یەکێکە لە مەترسیدارترین و زیانبەخشترین دیاردەکان بۆ بنەماڵەکان و وڵات، ئەگەر ئەم هەموو ئیسرافە نەبێت، بێگومان دۆخی وڵات زۆر باشتر دەبێت." خامنەیی بە خۆگێلکردن لە ئاست هەژاری و برسیەتیی ئاشکرای خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، کە تەنانەت توانای دابین کردنی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانیان نییە، دۆخی ئابووریی خەڵک بە "باش" وەسف دەکات و هۆکاری قەیرانی قووڵی ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی دەگەڕێنێتەوە بۆ "ئەم هەمووە ئیسرافە"ی خەڵک! وە مەوعیزەی ئەوە دەکات کە گۆیا ئەگەر خەڵک ئیسراف نەکەن، دۆخەکە "زۆر لەوە باشتر" دەبێت

خامنەیی لە کاتێکدا بە درۆودەلەسە دۆخی وڵات بە باش وەسف دەکات، کە حەقدەست و مووچەی کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان و توێژەکانی دیکە، چوار هێندە لەژێر هێڵی هەژارییە؛ بەهای پارەی دەسەڵاتەکەی لە بەرانبەر دراوە بیانییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ دادەبەزێت و قەیرانی ئابووری زیاتر پەرە دەستێنێت. ئایا لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا دەکرێت ئیدیعای ئەوە بکرێت کە دۆخی گوزەران باشە؟ ئایا بە دەستمایەیەک کە چوار هێندە لەژێر هێڵی هەژارییە، کەس دەتوانێت خۆی و ماڵ و منداڵی تێر بکات چ بگا بەوەی بتوانێ لە نانەدا "ئیسراف" بکات؟ کەواتە کێشەی سەرەکیی خامنەیی لەم دۆخەدا مەسەلەی ئیسراف نییە، بەڵکوو ترس و نیگەرانییە لە سەرهەڵدانی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئەو و تەواوی بیساتی نیزامەکەی ڕاماڵێت

خامنەیی لە ڕووی داماویی لە سەروسامان دان بە دۆخی ئابووری و گوزەرانی خەڵک و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مانگرتن و نارەزایەتیی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگە، دیسان بە ئامرازی سەرکوت ئومێدی بەستەوە و لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کەوتە پێداهەڵگوتن بە هێزی لات و بەڕەڵای بەسیج و وتی: "بەهێزکردن و بەردەوامیی بەسیج لە نەسلەکانی پشت سەری یەکدا، وەک سەرمایەیەکی گەورە و هۆکاری زیادبوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی، پێویستە. نەسلی چوارەمی بەسیج، واتە مێرمنداڵان لە سەرتاسەری وڵات ئامادەی کار و تێکۆشانن و دەبێت بە شێوەیەکی تۆکمەتر و بەهێزتر ئەرکەکان دەست بە دەست بکرێت."

خامنەیی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سەبارەت بە دانوستان و پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و مەسەلەی شەڕ، جارێکی دیکە بە چەواشەکاری و هەڕەشەوە وتی: "ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی فڵان وڵاتەوە پەیامی بۆ ئەمریکا ناردووە، بەتەواو مانا درۆیە. دەوڵەتی ئەمریکا شایستەی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە. لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا ئێمە ئەمریکا و سەهیۆنیستەکانمان شکست دا؛ ئەوان هاتن شەڕەنگێزییان کرد، کوتەکیان خوارد و بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە. ئەمە بۆ ئەوان شکستێکی ڕاستەقینە بەحیساب دێت". لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامیش بەچاولێکەری لە خامنەیی، چەندین جار ئیددیعاکانی ناوبراویان سەبارەت بە سەرکەوتن لە شەڕ دژی ئەمریکا و ئیسرائیل دووپات کردووەتەوە

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی ڕژیم سەبارەت بە "شەڕی دوازدە ڕۆژە"، حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری پێشوو، کە خۆی یەکێک لە مۆرە ئەمنییە کۆنەکانی کۆماری ئیسلامییە، ڕۆژی شەممە هەشتی سەرماوەز لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی وەزیران و جێگرانی کابینەی دەوڵەتی پێشووی خۆی، بە ئاماژەدان بە قسەکانی خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، بە "زیادەڕۆیی و قسەی بێبنەما" ناوی بردن و وتی: "پێهەڵکوتن و گەورەکردنەوەی هێزی نیزامیی کۆماری ئیسلامی هەڵەیە و تەنانەت خیانەتە و دەبێتە هۆی هەڵەی لێکدانەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا". ناوبراو وتیشی کە دوای تێپەڕبوونی پێنج مانگ بەسەر شەڕی ١٢ ڕۆژەدا، هێشتا لە دۆخی "نە شەڕ و نە ئاشتی"دایین و هەستی ئەمنییەت لە وڵاتدا بوونی نییە. ڕۆحانی، وێڕای ئەوەی کە داوای هەوڵی هەمەلایەنەی کرد بۆ بەهێزکردنی دۆخی "نە شەڕ" (واتە سازش لەگەڵ ئەمریکا)، دانی بەوەدا نا کە ئاسمانی ئیسرائیل تا ئێران بۆ دوژمن بە تەواوی ئەمن و بێمەترسییە

ئاشکرایە کە لە ڕەوتی شەڕی دوازدە ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە باڵاکانی ڕژیم کوژران، بەشێک لە ناوەندە ئەتۆمی و مووشەکییەکان و سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانیی ڕژیم لەناو چوون، کەچی بەم حاڵەشەوە، خامنەیی و بەرپرسانی باڵای حکوومەت و فەرماندەکانی سپای پاسداران نەک هەر خۆیان بە براوەی جەنگ دەزانن، بەڵکوو دەیانەوێت

ئەم ئیددیعا درۆینەیە لەڕێگەی گونجاندن لە کتێبە دەرسییەکانی مەدرەسەکان، دەرخواردی خوێندکارانیش بدەن. لەم پەیوەندییەدا عەلی ڕەزا کازمی، وەزیری کۆنەپەرستی پەروەردەی ڕژیمی ئیسلامی، لە وتارێکدا بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندن، لە جیاتی ڕاگەیاندنی پابەندبوون بە بەرزکردنەوەی کوالیتیی ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان و گونجاندنی نوێترین داتا زانستییەکان تێیاندا، بەوپەڕی بێشەرمییەوە ڕایگەیاند: "ڕێوشوێنی زۆر ورد و بەجێ لەوانە



٢٠ پاکێجی پەروەردەیی بۆ گونجاندنی بابەتی شەڕی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل، لە بەرنامەی خوێندنی قوتابیاندا پێشبینی کراوە و چەند ژمارەی تایبەتیش لەم بارەیەوە ئامادە کراون، تا گێڕانەوەیەکی جوان لەم ڕووداوانە بخەنە بەردەستیان"

ئەم وەزیرە بەسیجییە تێناگات کە لەم سەردەمەدا و بەهۆی بوونی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کۆماری ئیسلامی ناتوانێت ڕاستییەکان و حەقیقەتە مێژووییەکان چەواشە بکات. بێگومان هەوڵی دەزگاکانی مێشکشۆردنەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ جێخستنی سەرکەوتنی خەیاڵییان لە شەڕدا، هەروەک هەوڵی ڕژیم لەژێر ناوی "زللەی توند" ناتوانێت کەس فریو بدات. " زللەی توند" ناوێکی فریوکارانەی دیکەی ڕژیم بوو بۆ ئەو وڵامە نیزامییەی کە بەخاتری کوژرانی قاسم سولەیمانی دایانەوە. ئەم بەناو " زللەی توند "ە بریتی بوو لە هاویشتنی نمادینی چەند مووشەک بەرەو بنکەی عەینئەلئەسەد لە عێراق، کە ئەمریکا بۆ ڕێگری لە سووکایەتی و ئابڕووچوونی زیاتری کۆماری ئیسلامی، ئیجازەی هاویشتنیانی بە ڕژیم دابوو

بێگومان مەشرووعییەتی ئەم ڕژیمە گەندەڵە بەهۆی شکستی سیاسەتە ستراتیژییە ناوچەییەکان؛ بەهۆی ئیفلاسی ئابووری و سیاسی و داماوی لە وەڵامدانەوە بە خواست و داواکاریی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێش و دەستکورتەکانی کۆمەڵگە؛ بەهۆی سەپاندنی دیکتاتۆری و دامەزراندنی بیساتی لەسێدارەدان و ئەشکەنجە و بەهۆی سەرکوتی خەڵک لەلایەن دەزگا ئەمنییە جۆراوجۆرەکانەوە، بە تەواوی لە بەین چووە. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە نەک هەر هیچ مەشرووعییەتێکی نەماوە، بەڵکوو تەمەنی بەسەر چووە و دەبێ بە پەرەسەندنی مانگرتن و نارەزایەتییە ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکانی کرێکاران و بزووتنەوە جەماوەرییەکان و مانگرتنە گشتییە سیاسییەکان، بیساتی ئەم حکوومەتە جەنایەتکارە تێکەوە پێچرێت

❊❊❊

# کاری ناوماڵ، بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار و پیاوسالاری

کاری ناوماڵ تەنیا بریتی نییە لە کۆمەڵێک ئەرکی ڕۆژمەڕەی وەک زەرفشۆردن، چێشتلێنان، جلشۆردن و پاککردنەوە، بەڵکوو یەکێکە لە گرنگترین ستوونە شاراوەکانی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار لە سیستەمی سەرمایەداریدا و هاوکات ئامرازێکە بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی کولتووری پیاوسالاری. کاتێک کاری بەرهەمهێنانەوە لە چوارچێوەی خێزاندا بە نادیار دەهێڵدرێتەوە، سەرمایەداری لە جۆرێک "یارانەی کۆمەڵایەتی" سوودمەند دەبێت: واتە ملیۆنان کاتژمێر کاری بێکرێ و بێمووچە کە تێچووی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار دەخاتە ئەستۆی ژنان و بەمەش قازانجی سەرمایە زیاد دەکات. ئامارە نێونەتەوەییەکان ئەم حەقیقەتە ئابوورییە پشتڕاست دەکەنەوە: بەپێی بەراوردە جیهانییەکان، بەهای کاری ئاگالێبوون و کاری ناوماڵ (ئەگەر بکرێتە پارە) دەتوانێ بگاتە نزیکەی ٩٪ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی، کە دەکاتە تریلیۆنها دۆلار؛ تەنانەت بەپێی هەندێک ڕاپۆرت و شێوازی هەژمارکردن، ئەم ڕێژەیە زیاتریشە. ئەم قەبارە ئابوورییە "شاراوەیە" بەرابەرە لەگەڵ زێدەبایی (یان ئەرزشی ئیزافەی) کەرتە گەورەکانی ئابووری و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سەرمایەداری بەبێ ئەم کارە بێکرێ و بێمووچەیە، ناتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات

لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار (خواردن، پۆشاک، چاودێریکردنی منداڵان و بەساڵاچووان، و بووژاندنەوەی جەستە و دەروونی کرێکار) تێچوویەکە کە دەبێ بدرێت تا هێزی کار بتوانێت ڕۆژی داهاتوو بۆ سەرمایە کار بکاتەوە. بەڵام سەرمایەداران کەڵک لە شێوازە ئایدیۆلۆژیک و دامەزراوەییەکان وەردەگرن تا ئەم تێچووە بخەنە ئەستۆی خێزان و بەتایبەتی ژنان. توێژینەوە و بەراوردەکانی ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەریدەخەن کە ئەگەر کاری ناوماڵ لەسەر بنەمای "تێچووی جێگرەوە" یان "تێچووی هەل" هەژمار بکرێت، بەشێکی بەرچاو لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتان پێکدەهێنێت؛ واتە کاری ناوماڵ بە ئەندازەی کەرتێکی گەورەی ئابووری بەها بەرهەم دەهێنێت، بەڵام وەک "کاری ڕاستەقینە" ئەژمار ناکرێت. ئەم هەژمارنەکردنە، هەمان پەردەپۆشکردنی چەوسانەوەی ژنانە. لەم کولتووره سەرمایەداری و پیاوسالارییەدا، کاری ژنان وەک "کاری بژێویی تایبەت" سەیر دەکرێت نەک "کاری بەرهەمهێنەر"؛ کارێک کە بەهای زیادە دەخوڵقێنێت و دەبێ کرێکەی پێبدرێت

کولتووری پیاوسالاری، دابەشکردنی ڕەگەزیی کار وەک دیاردەیەکی "سروشتی" نیشان دەدات. ژنی فیداکار و پیاوی نانهێنەر؛ یارمەتیدانی پیاو وەک چاکە و کاری ژن وەک ئەرک دەناسێنرێت. ئەم زمان و کولتوورە ڕەفتارییە، هەمان "ئامرازی نەرمی سەرکوت"ە کە لە ڕێگەی پەروەردە، میدیا و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ڕۆڵی ژنان لە چوارچێوەی ماڵدا جێگیر دەکات و نارەزایەتییەکان بۆ ئاستێکی تاکەکەسی و سۆزداری کورت دەکاتەوە. ئامارەکان دەریدەخەن کە ژنان بەتێکڕا سێ هێندەی پیاوان کاتی خۆیان بۆ کاری مراقبەت و ماڵداری تەرخان دەکەن؛ ئەم بابەتەش ڕێگرە لە بەشداریکردنی یەکسانی ئەوان لە بازاڕی کار، فێرکاری و چالاکییە سیاسییەکان و لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەرینی هەیە

داتاکان دەریدەخەن کە پشکی ژنان بە بەراورد بە پیاوان لە کارە بێمووچەکاندا لە ئاستی جیهاندا زیاتر لە سێچوارومە؛ واتە زیاتر لە ٧٥٪ی کاری مراقبەت و ماڵداریی بێکرێ لەلایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم دابەشکردنە



نایەکسانە، بەرهەمی پێکهاتە مێژوویی و دامەزراوەییەکانە. لە وڵاتانی لەحالیگەشەدا ئەم پشکە بەرزترە و ڕۆڵی ژنان لە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاردا زیاترە، بەڵام بێبایەختر سەیر دەکرێت. دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم نایەکسانییە، چەوسانەوەی چەند هێندەی ژنانە؛ هەم لە بازاڕی کار (لە ئەگەری کارکردندا) و هەم لە ژینگەی ماڵەوەدا. پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم بابەتە بۆ سەرمایەداری یەکجار گرینگە؟ هۆکارەکەی سادەیە: ئەگەر تێچووەکانی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار بکرێنە گشتی و پارەیان بۆ تەرخان بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر باخچەی ساوایانی دەوڵەتی، خواردنگە و سێلفسێرڤیسە گشتییەکان، چاودێریی تەندروستی و خزمەتگوزاریی ماڵداریی گشتی دابمەزرێت، ئەو کات "تێچووی ڕاستەقینە"ی هێزی کار بەرز دەبێتەوە و لە ئەنجامدا فشار دەخرێتە سەر قازانجی سەرمایە. بەڵام پەرتەوازەکردن و نادیارکردنی کاری ناوماڵ، بەکردەوە یارمەتییەکی گەورە پێشکەش بە سەرمایەداری دەکات؛ سەرمایەداران پێویستیان بەوە نییە تێچووی ئەم خزمەتگوزارییانە بدەن، بەڵکوو لە جیاتی ئەوە، ژنان بە کاری ناوماڵ و بەبێ وەرگرتنی هیچ دەستمزدێک، ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکەن، هێزی کار بەرهەم دەهێننەوە و نەوەی داهاتووی کرێکاران پەروەردە دەکەن. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە چارەسەرکردنی بۆشایی ڕەگەزی لە بەشداریی ئابووریدا دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو بەرهەمی ناوخۆیی بەرز بکاتەوە؛ واتە بەپێچەوانەوە، نادیدەگرتنی کاری ژنان تێچووی گەورە لە شێوەی "هەلی لەدەستچوو" بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت

چاوگێڕانێک بەسەر دۆخی ئێران نیشان دەدات کە ئەم پەیوەندییانە بە ئاشکرا نایەکسانن. ڕێژەی بەشداریی

ئابووریی ژنان لە ئێران زۆر نزمە؛ بەراوردە نێونەتەوەییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤ ڕێژەی بەشداریی هێزی کاری ژنان لە نێوان ١٣ بۆ ١٦ لەسەد ڕادەگەیەنن، کە نیشاندەری بێبەشکردنی بەرینی ژنانە لە حزووریان لە بازاڕی کاری فەرمیدا. نزمبوونی بەشداریی فەرمی هەمیشە بە مانای کارنەکردنی ژنان نییە؛ بەڵکوو زۆربەی کات بە مانای کارکردنە لە بازاڕی "ناڕەسمی" بە حەقدەست و ئیمتیازاتی زۆر کەمەوە یان بەمانای کاری قورسی بێ مووچەی ناو ماڵە. هەروەها بوونی کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرەی یاسایی، کولتووری و دامەزراوەیی و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ڕێگرە لەوەی ژنان بچنە نێو بازاڕی کار یان تێیدا بەردەوام بن. توێژینەوە و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان لە ئێران دەریدەخەن کە ژنان کاتێکی زۆر بۆ کاری ماڵەوە و مراقبەت سەرف دەکەن



ئەڵتەرناتیو و ڕێگەچارەیەک کە چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنان دەیخەنە بەردەم بزووتنەوەی ژنان و تەواوی کۆمەڵگا، لە هاندانی پیاوان بۆ بەشداری لە کاری ناوماڵ و دابەشکردنی دادپەروەرانەی کار بانترە. ڕیفۆرم و چاکسازیی ورد تا ئەو کاتەی سەرمایەداری و خاوەندارێتیی تایبەت بوونیان هەبێت، بێبنەما و کاتی دەبن. سیاسەتی ڕزگاریبەخش بریتییە لە هێرش بۆ سەر سەرمایە و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەکۆمەڵایەتیکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار. دابینکردنی بەرفراوان و بێ بەرانبەری باخچەی ساوایان، خواردنگە و سێلف‌سێرڤیسە گشتییەکان، خزمەتگوزارییە تەندروستی و چاودێرییە گشتی و خۆڕاییەکان، وە مسۆگەرکردنی مافەکانی کاری مراقبەت بە جۆرێک کە ئەم کارە وەک کاری ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی بە ڕەسمی بناسرێت و ڕێکبخرێت. تەنیا لە ئاسۆیەکی وەها دایە کە بەهای ڕاستەقینەی کاری بەرهەمهێنانەوە لەسەرشانی ژنان لادەچێت و دەرفەتی بەشداریی یەکسان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەڕەخسێت. ڕزگاریی ژنان بەبێ دەست بۆ ڕیشە بردن، بەبێ گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ، بەبێ هەڵتەکاندنی ڕێکخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا و بەبێ بەکۆمەڵایەتیکردنی کاری بەرهەمهێنانەوە، مەحاڵە و مومکین نییە

***

# منداڵهاوسەری، سوژەی ژێردەستەیی، ئۆبژەی یاسا

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٤، مریەم تەقەوی، کچێکی تەمەن ١٦ ساڵەی خەڵکی عەجەبشێر، لەلایەن هاوسەرە ٢٧ ساڵەکەیەوە بە دار و بە شێوەیەکی وەحشیانە کەوتە بەر لێدان و کوتان و چەند کاتژمێرێک دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی ئەو شارە، بەهۆی سەختیی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دا. کوشتنی مریەم تەقەوی، ئەو کچە مێرمنداڵەی کە بووە قوربانیی دیاردەی "منداڵهاوسەری" و سیستەمی ئاپارتایدی ڕەگەزیی کۆماری ئیسلامی، تەنیا یەک نموونەیە. لە مەودای ساڵانی ١٣٩٥ تا ١٤٠٠، زیاتر لە ٢١٩ هەزار حاڵەتی هاوسەرگیریی منداڵان لە ئێران تۆمار کراوە؛ واتە ساڵانە زیاتر لە ٤٣ هەزار کچ کە لە میدیا فەرمییەکاندا هەرگیز ناویان ناهێنرێت. نزیکەی ٩٨ لە سەدی ئەم هاوسەرگیرییانە پەیوەستن بە کچانەوە و هەزاران کەس لەوان تەنانەت تەمەنیان نەگەیشتووەتە ١٥ ساڵ. یاسای مەدەنیی کۆماری ئیسلامی کە تەمەنی هاوسەرگیریی کچانی بە ١٣ ساڵ دیاری کردووە و ڕێگە بە هاوسەرگیری لە تەمەنی خوارتر لەوەش بە حوکمی دادگا دەدات، ستوونی یاسایی جێخستنی ئەم توندوتیژییەیە. ڕاگرتنی بڵاوکردنەوەی ئامارەکان لە ساڵی ١٤٠٠ـەوە، تەنیا جەختکردنەوەیەکی دووبارەیە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکە، پێی باشترە کە کارەساتەکە لە بەرچاو بشارێتەوە. لە ئێران، دیاردەی منداڵهاوسەری نەتەنیا بە هەژاری و نایەکسانی، بەڵکوو بە یاسای فەرمی و ئایدۆلۆژیای ئایینییەوە پەرەی پێ دراوە و شەرعییەتی پێ بەخشراوە

منداڵهاوسەری دیاردەیەک نییە کە تەنیا تایبەت بە سنوورێکی جوگرافیا، نەریت یان فەرهەنگێک بێت؛ بەڵکوو نیشانەیەکی جیهانییە لە موناسباتی نایەکسان و توندوتیژیی "خاوەندارییەتیی تایبەت". ئامارەکانی یونیسێف دەریدەخەن کە ساڵانە ١٢ ملیۆن کچ پێش گەیشتن بە تەمەنی ١٨ ساڵی بەشوودەدرێن و ئەمڕۆ زیاتر لە ٦٥٠ ملیۆن ژن لە جیهاندا، قۆناغی منداڵیی خۆیان لەژێر سێبەری ئەم ئیجبارەدا لەدەست داوە. ئەم ئامارانە بەڵگەی تراژیدیا کەسییەکانن، بەڵام لە ئاستێکی کەلاندا، وێنەی پێکهاتەیەک نیشان دەدەن کە منداڵی وەک ئیمتیازێکی چینایەتی و شیاوی کڕین و فرۆشتن دەبینێت. لە مەنتیقی جیهانیی سەرمایەداریدا، ئازادی و ئاسایشی سەردەمی منداڵی، تەنیا بەشی ئەو کەسانەیە کە لە چینە باڵادەستەکاندان؛ وە بۆ ملیۆنان کچ، منداڵی تەنیا قۆناغێکی کورتخایەنە پێش گرتنەبەری ئەو ڕۆڵانەی کە کۆمەڵگا و ئابووری بۆیانی دیاری کردووە

منداڵهاوسەری لە ئێران تەنیا "هەڵسووکەوتێکی نەریتی" یان "کێشەیەکی فەرهەنگی" نییە؛ بەڵکوو بەشێکە لە سازوکارێکی سیستەماتیک کە جەستەی ژنان و کچان دەکاتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی نەزمی مەوجوود. بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە، دەبێ ئاوڕ لە ڕیشە ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژیکەکانی بدەینەوە. هیچ شێوازێک لە ستەمی ڕەگەزی بەدەر لە پەیوەندییەکانی خاوەندارییەتی و دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام نابێت. منداڵهاوسەری یەکێکە لە ڕوونترین دەرکەوتەکانی ئەم پێوەندە سێلایەنەیە. لە پەیوەندییە چینایەتییەکاندا، جەستەی ژن لە بنەماڵەوە تا دەوڵەت، "بابەتی خاوەندارییەتییە". باوک، مێرد و دامودەزگا ئایینی و حکومییەکان هەریەکەیان بەشێک لە کۆنترۆڵی ئەویان لەدەستدایە. هاوسەرگیریی منداڵان بابەتێکی جیاواز نییە، بەڵکوو تەجەلیی شەفافی هەمان مەنتیقی خاوەندارییەتییە. بەشوودانی کچێکی ١٣ ساڵە، لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە، نەک هێرش و تەعەرروز بۆسەر منداڵ، بەڵکوو "گواستنەوەی مەشرووعی سەرپەرەستی"یە. دامودەزگای فەرمیی دەسەڵات، بە مۆری تۆمارکردنی هاوسەرگیری، ڕواڵەتێکی یاسایی و پیرۆز بەم گواستنەوەیە دەبەخشێت. کچەکە ڕێک لەو ساتەی کە منداڵە، دەخرێتە ناو بازنەی "ئەرک" و "ئیتاعەت"ەوە. ئەو پەیوەندییەی کە لەوە بەدواوە شکڵ دەگرێت، پەیوەندیی دوو مرۆڤی یەکسان نییە؛ پەیوەندیی نێوان "خاوەن" و "مڵک"ـە، هەرچەند لە بەرگی هاوسەرگیریدا پێشکەش بکرێت

بەڵام ئەم ئایدۆلۆژیایە بەبێ هەژاریی ماددی ئیمکانی مانەوەی نییە. هەژاری، خێزانەکان ناچار دەکات کە منداڵ نەک وەک مرۆڤێک، بەڵکوو وەک "بارێکی ئابووری" سەیر بکەن. منداڵهاوسەری لە چینە ژێردەستەکاندا، وەک ڕێکارێک بۆ مانەوە چاوی لێ دەکرێت؛ ڕێکارێک کە پێکهاتەی ئابووری سەپاندوویەتی و پێکهاتەی ئیسلامی و یاسایی پاساوی دەکات. لێرەدایە کە ستەمی ڕەگەزی و ستەمی چینایەتی پێکەوە گرێ دەدرێن. سیستەمی سەرمایەداری بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆی پێویستی بە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار هەیە. هاوسەرگیریی پێشوەختەی کچان لە چینە ژێردەستەکاندا، ڕێک لە خزمەتی ئەم پێویستییەدایە: دایکی گەنجتر، ڕێژەی لەدایکبوونی زیاتر، و ژمارەیەکی زیاتر لە هێزی کاری هەرزانتر. بەم چەشنە، منداڵهاوسەری دەبێتە سازوکارێکی ئابووری بۆ جێخستنی چەرخەی هەژاری و ڕاگرتنی چینی کرێکار لە بێدەسەڵاتیدا

ئەم دیاردەیە، بەپێچەوانەی بانگەشەکانی لیبراڵ و نیولیبراڵ، بەرهەمی "فەرهەنگی دواکەوتوو" نییە؛ بەڵکوو بەرهەمی ئەو پەیوەندی و موناسباتەیە کە هەژاری بەرهەم دەهێننەوە. هەر چەشنە چاکسازییەکی یاسایی کە دەست بۆ ژێرخانە ئابوورییەکان نەبات، تەنیا وەک موسەکنێکی کاتی دەمێنێتەوە. تەنانەت قەدەغەی یاسایی هاوسەرگیریی منداڵان لە هەندێک وڵاتدا نەیتوانیوە ئەم دیاردەیە بنبڕ بکات، چونکە بونیادی ئابووری، وەک هێزی بزوێنەری ئەو دیاردەیە، هەر لە جێی خۆیەتی. توندوتیژیی خێزانی و ژنکوژی، ڕوخساری ئاشکرای هەمان سیستەمی خاوەندارییەتییە. کوشتنی مریەم تەقەوی، ئەو کچە ١٦ ساڵەیەی کە بە دەستی هاوسەرە ٢٧ ساڵەکەی لە عەجەبشێر کوژرا، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی درێژی ئەو توندوتیژییەی کە لە ساتی تۆمارکردنی هاوسەرگیرییەکەوە دەست پێ دەکات. یاسای پیاوسالار، کچەکە لە پێگەی مرۆڤەوە بۆ پێگەی "موڵکی پیاو" دادەبەزێنێت. ئەم دابەزاندنە، توندوتیژی بە شتێکی سروشتی و کوشتن بە شتێکی شیمانەکراو نیشان دەدات. کاتێک دەوڵەت و ئایین، خاوەندارییەتیی پیاو بەسەر ژنەوە بە ڕەسمی دەناسن، کوشتنی ژن ئیتر ناهەنجاری نییە، بەڵکوو شێوازێکی توند و سەختی هەمان پەیوەندیی خاوەندارییەتییە

ئەو هەزاران کچەی کە ناویان لە ئامارەکاندا دێت یان قەت باسیان ناکرێت، هەموو ڕۆژێک لە بێدەنگیدا ئەم توندوتیژییە ئەزموون دەکەن: توندوتیژیی سێکسی، توندوتیژیی دەروونی، بێبەشبوون لە خوێندن، دووگیانبوونی زووڕەسی، و لە زۆر حاڵەتدا، مەرگی خامۆش. منداڵهاوسەری تەنیا کاتێک بنبڕ دەبێت کە هەژاری، خاوەندارییەتیی پیاوسالارانە و دەسەڵاتی سیاسیی سەرکوتگەر تێکبشکێندرێن؛ کاتێک کە ژنان و منداڵان نە ئامرازی بەرهەمهێنانەوە بن و نە سپاردەی "ناموس"، بەڵکوو مرۆڤگەلێکی ئازاد بن. ڕزگاریی ژنان و منداڵان، بەشێکە لە خەباتێکی گەورەتر بۆ ڕزگاریی تەواوی چینی کرێکار. وە هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ کە ئەم پرسە نەخاتە ناوەندی سەرنجی خۆیەوە، بەشێک لە کۆمەڵگا و نیوەی ئیمکانی ڕزگاریی نادیدە گرتووە

***

# بە بۆنەی ١٠ی دێسامبر، ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ

١٠ی دێسامبر ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤە. ٧٧ ساڵ لەمەوبەر لە ١٠ی دێسامبری ١٩٤٨دا، „جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ“ وەک بەڵگەنامەیەکی جیهانی و „پێویست بۆ جێبەجێکردن“، لەلایەن کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا. مافی مرۆڤ دەستەواژەیەکە کە پێشتریش بۆ خەڵکی جیهان ئاشنا بوو، بەڵام بیرۆکەی گۆڕینی بۆ جاڕنامەیەکی نووسراو و پەسەندکردنی لە کۆبوونەوەیەکی جیهانیدا، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی هاتە ئاراوە و بە دەنگی زۆرینەی دەوڵەتانی ئەندامی ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا.

ناوەرۆکی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ سەرەڕای ماهییەت و بەربەستەکانی، بەرهەمی خەباتی کرێکاران و ئازادیخوازانی جیهانە. هەر هەنگاوێکی پاشەکشەی سیستەمی سەرمایەداری لە بەرامبەر مافە سەرەتاییەکانی گونجێندراو لەم ڕاگەیەندراوەدا، بە خەبات و فیداکاری بەردەوام هاتووەتە دی و بورژوازی جیهانی سەرەنجام ناچار بووە بە هاوئاهەنگ کردنی ئەو خواستانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی، لە مێژوودا بەناوی خۆی تۆماری بکات. ئەم جاڕنامەیە ئەگەرچی بناغەی سەرەکیی نیزامی سەرمایەداری ناباتە ژێر پرسیارەوە و ڕێز لە ئەساسی خاوەندارییەتیی تایبەت و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ دەگرێت، بەڵام هەر لەم ئاستەشدا دەستکەوتی خەباتی مرۆڤەکانە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لەم سەردەمەدا و هێستاش لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریش بۆ بەکردەوە دەرهاتنی هەمەلایەنەی، پێویستە خەبات بکرێت. ئەگەر ڕۆژگارێک بیروبۆچوونی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ لە کارەساتەکانی شەڕەوە سەرچاوەی گرتبوو و دژبە شەڕ بوو و دەیهەویست حورمەتی مرۆڤ و مافی مرۆڤ وەبیربێنێتەوە و لە دووپات بوونەوەی پێشێلکردنیان ڕێگری بکات، بەڵام هەر لە سەرەتای ڕۆژانی پەسندکردنی ئەم جاڕنامە جیهانییەوە، لە لایەن زۆرێک لە وڵاتانەوە ناورۆکەکەی پێشێلکرا و مافی سەرەتایی گونجێدندراو لەم ڕاگەیەندراوەدا لە لایەن ئەو دەسەڵاتانەی کە واژۆیان کردبوو لە باروودۆخی شەڕ و غەیرە شەڕدا ژێر پێ خرا.

٧٧ ساڵ لەمەوبەر، جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لەسەر وێرانەکانی شەڕی جیهانیی دووهەم ئامادەکرا تا بەناو پێوەرێکی جیهانی پێکبێت کە بێحورمەتی بە مافی ئینسانەکان تەحەمول نەکات. لەئێستادا کە پتر لە ٧٧ ساڵ بەسەر شەڕی جیهانی دووهەم و پەسەندکرانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا تێپەڕ بووە، ڕەنگبێ نەکرێ شایەدێکی زیندوو لە شەڕ و نەهامەتییەکانی ئەو سەردەم بدۆزینەوە، بەڵام جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە نەتەوەی فەلەستین لە غەززە و لەناوبردنی هەموو ژێرخانێکی ئابووری و تەندروستی و فەرهەنگی و قڕکردنی منداڵانی ئەم کەرتە بە پشتیوانیی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئاڵمان و چەند دەوڵەتی ئورووپایی دیکە لەبەر چاوی هەموو خەڵکی جیهان ئەوپەڕی دووڕوویی ئەم داکۆکیکارە درۆینانەی مافی مرۆڤی نیشان دا. هەروەها لاوانی سووریە، عێراق، یەمەن، لیبی، ئەفغانستان، بووسنی، ڕەواندا، سوودان و شوێنەکانی تر، ئەو شایەدە زیندووانەن کە پێمان دەڵێن بە فەرمانی دەوڵەتانی واژۆکاری جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، چییان بەسەر هاتووە و شار و وڵاتیان چۆن بە بۆمب و گولـلە وێران کراوە و چۆن برا و خوشک و دۆستانیان لە پەنایانەوە خەڵتانی خوێن کراون. هێستا لە زۆرێک لە وڵاتان، بەئاشکرا سەرەتاییترین مافەکانی ئینسان کە مافی ژیانە، پێشێل دەکرێت. پێشێلکردنی مافی ئینسانەکان لە چوارچێوەی قاتی و برسییەتی و نەخۆشیی پەرەستێن و بازرگانی سێکس و قاچاخی ماددەی هۆشبەر، تەنانەت لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤیشدا ئاماژەیەکی پێنەکراوە. سەرەڕای بوونی ئەم جاڕنامە نێونەتەوەییە، لە زۆر شوێنی جیهان




ژنان لەژێر گوشاری پیاوسالاریدا نەتەنیا لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بەهرەمەند نین، بەڵکوو هەموو ڕۆژێ دەبنە قوربانیی توندوتیژی. ژنانی کرێکار لەبری کاری یەکسان حەقدەستی یەکسانیان پێنادرێت. لە هێندێک لە وڵاتە مسوڵمان نشینەکان، ژن بەڕەسمی ڕەگەزی خواردەست بەئەژمار دێت. هێستا منداڵ بە مرۆڤی کامڵ ناناسرێت و گشت مافەکانی لەبەرچاو ناگیرێن، هێستا نەتەوەکان لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەهرەمەند نین، سزای ئێعدام لە زۆر وڵاتی جیهان بەڕێوەدەچێت، هێستا دینداری و بێ دینی ئینسانەکان پێوەری هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتەکانە، هێستاش هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئەشکەنجە لە وڵاتەکاندا پاساوی یاسایی هەیە و هێستاش ئازادیی ڕادەربڕین لەژێر تیغی سانسۆڕدایە.

لە ئێران پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بەڕێوەدەچێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەری ساڵڕۆژی پەسەندکرانی بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەروا درێژە بە ڕەشبگیریی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و شەپۆلی لەسێدارەدان دەدات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کوشتن و ئێعدامە بێ دادگاییەکان لە کاتی پەلامار بۆ سەر شارەکانی کوردستان لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، کوشتار لە تورکەمەن سەحرا، کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لە مانگەکانی کۆتایی هاوینی شەست و حەوت، قەتڵە زنجیرەییەکان لە پاییزی حەفتا و حەوت، دەسرێژکردن لە کرێکارانی خاتوون ئاباد، کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە بەلووچستان، سەرکوتی خوێناوی نارەزایەتییەکانی ٨٨، کوشتنی دەیان کەس لە ڕەوتی ڕاپەڕینی بەفرانباری ٩٦، کوشتاری زیاتر لە هەزار و پێنج سەد کەس لە خەزەڵوەری ٩٨ و کوشتاری زیاتر لە شەش سەد کەس لە خۆپیشاندەران لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینای لە کارنامەی ڕەشی خۆیدا هەیە. هەر ئێستا لە زیندانەکانی ڕژیمی ئیسلامیی دەسەڵاتدار بەسەر ئێراندا، هەزاران مرۆڤی شەریف بەهۆی ئەندێشە و ڕێباز و بیروباوەڕیانەوە لە سیاچاڵەکاندا بەند کراون و لە کەمترین مافی ئینسانی بێبەشن و تارمایی مەرگ بەسەر سەری زۆربەیاندا دەسووڕێتەوە. ئەشکەنجە لە زیندانەکان و شەللاق لێدان لە بەرچاوی خەڵک، بووەتە بابەتێکی ئاسایی. کۆماری ئیسلامی بەرزترین ڕێژەی لەسێدارەدانی لە جیهاندا بە خۆی تەرخان کردووە. لەم وڵاتەدا نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی حاکمە، ژن بەپێی یاسا بە نیوەی پیاو هەژمار دەکرێت و ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی ڕەسمییەتی یاسایی هەیە.

پێوەری پاراستن و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێویستە بە پێی یەکسانی ئینسانەکان و بەهرەمەند بوونیان لە سەمەری ئینسانی ئەو کۆمەڵگایە بەرئاورد بکرێت. کۆمەڵگای سەرمایەداری بە پێی جەوهەر و ماهییەتەکەی، کە لەسەر جیاوازیی چینایەتی دامەزراوە، ناتوانێ داکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ بێت. مافی مرۆڤ تەنیا کاتێك بەتەواوی دەستەبەر دەبێت کە جیاوازی چینایەتی لەناو چووبێت و ئینسانەکان ئەو ئیمکانەیان بۆ خوڵقابێت کە لە ئاسایشی تەواودا، بە یەکسانی بژین. دیارە ئەوەش لە کۆمەڵگایەکدا کە بناغەکەی لەسەر چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان دامەزراوە و ئامانجی بەرهەمهێنان نەك دابین کردنی پێداویستیی ئینسانەکان، بەڵکوو قازانجی زیاترە، وەدی نایەت. تەنیا کۆمەڵگایەك کە ئەو خەسڵەتەی هەبێت، کۆمەڵگای سۆسیالیستیە. بۆ دامەزراندنی وەها کۆمەڵگایەك کە تێیدا مافی ڕاستەقینەی ئینسانەکان دەستەبەر دەبێت، پێویستە بەردەوام خەبات درێژەی بێت. بەڵام تا ئەوکات کە کۆمەڵی ئینسان بە تەواوی لە سەرمایەداری ڕزگاری دەبێت، لەبەرچاوگرتنی مافی سەرەتایی ئینسان کە بەشێکی لە “جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ” دایە، پێویستە بە ڕەسمیەت بناسرێت و بەکردەوە دەربێت. بەڵام جاڕنامەی مافی مرۆڤ بەلەبەرچاوگرتنی بەربەستەکانی، بەسەرەنجدان بە ماهییەتە بورژوازییەکەی ناتوانێ ئاڵای خەبات دژبەم بێمافییانە بێت. خەبات دژبە توندوتیژیی دەوڵەت بەرانبەر ئینسانەکان، خەبات بۆ جیایی مەزهەب لە دەوڵەت و دژبە دەخاڵەتی مەزهەب لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئینسانەکان، لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و لە وەها لێکدانەوەیەکی سنووردار لە مافی ئینسان، بانترە.

ئێستا کە بەشێک لە تەمرین و هەوڵی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران بۆ ئاڵترناتیڤسازی لەژێر ناوی „مافی مرۆڤ لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی“ تەرخان کراوە، پێویستە کرێکاران و خەڵکی ئێران ئەوە بزانن کە لە سایەی دەسەڵاتی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژواکانیشدا، دۆخی مافی مرۆڤ هیچ باشتر نابێت لەو چارەنووسەی کە لەژێر دەسەڵاتی سەرانی دووڕووی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئورووپادا بەسەری هاتووە.

❊❊❊

# قەتڵە زنجیرەییەکان پەڵەیەکی شەرمەزارییە بە ناوچاوانی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییەوە


مانگی سەرماوەز وەبیرهێنەرەوەی زنجیرەیەکی دیکە لە جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە ئینسانە خەباتکار و ئازادیخوازەکان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕژیمە. ئەم زنجیرە تاوانە بە ناوی "قەتڵە زنجیرەییەکان" لە دۆسیەی نگریسی ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایەدا تۆمار کراوە. ئەم کوشتنانە کە لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا ئەنجام دران، بە سەلاخیکردنی داریوش و پەروانە فرووهەر لە یەکەمی سەرماوەزی ١٣٧٧دا دەستی پێکرد. پێنجی سەرماوەز هەواڵ گەیشت کە تەرمی بێگیانی مەجید شەریف، وەرگێڕ و چالاکی سیاسی کە دوای ساڵانێک گەڕابووەوە ئێران، لە پزیشکی دادوەریدا ناسراوەتەوە. هێشتا کۆمەڵگا لە شۆکی هەواڵی تیرۆری فرووهەرەکان نەهاتبووە دەر کە هەواڵی بێسەروشوێنبوونی محەممەد موختاری و محەممەد جەعفەر پوویەندە، دوو ئەندامی ناسراوی هەیئەتی دەبیرانی "کانوونی نووسەرانی ئێران"، خەڵکی لە جاران زیاتر نیگەران کرد. تەرمی بێگیانی موختاری لە بیابانەکانی شاری ڕەی دۆزرایەوە؛ جەلادەکان خنکاندبوویان. محەممەد جەعفەر پوویەندە، وەرگێڕ و نووسەر، لە ڕۆژی ١٨ی سەرماوەزەوە بێسەروشوێن کرا و چەند ڕۆژ دواتر تەرمەکەی لە بیابانەکانی شەهریار، لە کاتێکدا ئاسەواری خنکاندن بە پەت بە ملیەوە دیار بوو، دۆزرایەوە. ئەم زنجیرە جەنایەتە بە ڕفاندن، ئەشکەنجە و کوشتنی ژمارەیەکی نادیار لە سیمای چەپ و هەروەها کەسایەتیی سەر بە ڕەوتی ڕاستی مەزهەبی و ناسیۆنالیستی بەڕێوەچوو. تا بە ئێستا ناوی نزیکەی ٨٠ کەس لە قوربانیانی ئەم دەورەیەی ڕژیمی جەهل و سەرمایە تۆمار کراوە

پێویستە بوترێ کە قەتڵە زنجیرەییەکانی دەیەی ٧٠یش درێژەی هەمان سیاسەتی کوشتاری بەکۆمەڵی چەند هەزار زیندانیی سیاسی بوو لە ساڵی ٦٧دا کە بە فەرمانی خومەینی جێبەجێ کرا. سەرانی ڕژیم، وەک ڕەفسەنجانی، لەڕێگەی ئەم کوشتنانەوە هەوڵیان دا پێش بە مەترسیی هەڵچوونی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی جەماوەری وەگیانهاتوو لە شەڕ، ئاوارەیی، هەژاری و نەهامەتیی ئابووری بگرن و بە پەیڕەوکردنی سیاسەتە ئابوورییە وێرانکەرەکانی "سندووقی نێودەوڵەتیی دراو"، ئابووریی ئیفلاسهێناوی کۆماری ئیسلامی ڕزگار بکەن. ڕەفسەنجانی وەک نوێنەری گشتیی ڕژیم و سەرمایەدارانی بەشەکانی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت، بە دەرکردنی دەیان هەزار کرێکار، ئازادکردنی نرخی دراو و بەتایبەتیکردن (خسووسیسازی)، هەوڵیان دا ئابووریی کۆماری ئیسلامی بخەنە سەر ڕێچکەی ئابووریی بازاڕی ئازاد و هەرچی زیاتر لەگەڵ بازاڕی جیهانیی سەرمایەدا تێکەڵ بن. بەڵام ناتەباییە ئابووری و سیاسییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداری لە ئێران و سەرهەڵدانی شەپۆلی ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە ناو کۆمەڵگادا، ئەم هەوڵانەی تووشی شکست کرد. قەتڵە زنجیرەییەکان کە لە سەرماوەزی ١٣٧٧ گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، بەو ئومێدە داڕێژرابوو کە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان چاوترسێن بکات و دەرفەتێک بە دەوڵەتی خاتەمی بدات بەڵکوو سەرمایەداریی ئێران لە هەڵدێری وەرشکستبوون ڕزگار بکات. بەڵام نەفرەت و بێزاریی گشتی لەم جەنایەتانە لە ناوخۆی ئێران و ناڕەزایەتییەکان لە دەرەوەی وڵات، دەوڵەتی خاتەمیی ناچار کرد دان بەوەدا بنێت کە کوشتنە زنجیرەییەکان کاری "وەزارەتی ئیتلاعات" بووە. بۆ پاکانەکردنی گشتیی ڕژیم، باقی سەرانی دەسەڵات بەرپرسیارێتیی کوشتنەکانیان خستە ئەستۆی چەند بڕیاردەرێکی ئەشکەنجە و کوشتار و چەند ئەشکەنجەگەرێکی وەزارەتی ئیتلاعات. بەرپرسانی سپا و وەزارەتی ئیتلاعات دەستگیریان کردن و خستیاننە ژێر ئەشکەنجەگەلێکەوە کە پێشتر خۆیان لە دژی خەباتکاران و نەیارانی ڕژیم بەکاریان دەهێنا. لەم پەیوەندییەدا، فەرماندەرانی ئەشکەنجە و جەلادەکانی پێشوویان ئەوەندە ئازار دا کە ملکەچی سیناریۆ و دانپێدانانە خوازراوەکانی خامنەیی و باقی سەرانی ڕژیم بوون و بە ناچار و بە درۆ وتیان کە دەستی بیگانە، وەک دەوڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل لە کاردا بووە و بە فەرمانی ئەوان کردوویانە. پاشان بەرپرسی سەرەکیی دۆسیەکەیان بە دەرمانی کوشندە لەناو برد و ئەوانی تریشیان بە زیندان مەحکووم کرد

ئێستا و لە بیست و حەوتەمین ساڵوەگەڕی قەتڵە زنجیرەییەکاندا، ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین قۆناغی تەمەنی خۆیدایە. قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداریی ئێران، وێرانبوونی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وزە، ڕانتخۆری، گەندەڵیی دامەزراوەیی و گەشەکردنی باندە مافیاییەکان لە نێو جەستەی دەسەڵاتدا، دەرئەنجامی توندبوونەوەی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، هەڵاوسان، گرانیی بێوێنە و پەرەسەندنی بێکاری، قەیرانی ژینگەیی لە کۆنتڕۆڵ دەرچوو ، دەوڵەتی بەناو "وفاقی میللی" پزشکیانی لە دابینکردنی نان و ئاو، کارەبا و هەوای پاکدا داماو و تووشی پەرێشانگۆیی کردووە. هاوکات شکستی سیاسەتی ستراتیژیی ناوچەیی و داڕمانی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت"، بنبەستی پڕۆژەی ئەتۆمی، تێکشکانی سیستەمی بەرگریی مووشەکی و ناکارامەیی دەزگای ئەمنیەتی و هەواڵگریی ڕژیم لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا، یەکێکی دیکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مانەوەی ڕژیمی وێران کردووە و سەرانی ئەم ڕژیمەی تەنانەت لە ناو بەشێک لە ڕیزەکانی خۆیان و لایەنگرانیشیاندا لە "ئیعتیبار" خستووە و باڵە حکوومەتییەکانی لە گیانی یەکتر بەرداوە. لە دڵی ئەم ململانێ و کێشمەکێشانەدا، باڵەکانی ڕژیم لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گوشارەکانی ئەمریکا و هێزە ئورووپاییەکان و هەڕەشەکانی ئیسرائیل، ڕێکاری جیاوازیان گرتووەتە بەر. بەڵام جەناحە حکوومەتییەکان سەرەڕای هەڵوێستی جیاواز بەرامبەر بە دوژمنی دەرەکی، ڕوو لە خەڵک و "دوژمنی ناوخۆ" شمشێریان لە ڕوو بەستووە و لە دەوری ستراتیژیی سەرکوت وەک ڕەمزی مانەوەی نیزامی ئیسلامی، یەکگرتوو عەمەل دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای ئەوەی ڕژیم هێشتا توانای سەرکوتی ماوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوەی بە خواستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکەی نییە و کۆمەڵگاش مەرعوبی سەرکوتگەری و شەپۆلی لەسێدارەدانەکان نەبووە، پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان بووەتە ئەمرێکی حەتمی. ئاسۆی گەشەکردنی ئەم بزووتنەوانە کە دەتوانێت هاوکێشەکانی سەرەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت، سەرانی ڕژیمی خستووەتە نێو ترسێکی بەردەوام و کابووسی ڕووخانەوە

سەرەنجام ئەو ڕۆژە دێت کە سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دادگای خەڵکی ئازارچێشتوی ئێراندا دادگایی بکرێن، نهێنییە پەردەپۆشکراوەکانی ئەو جەنایەتە بێشوومارانەی ئەنجامیان داوە ئاشکرا بێت و سزای شایستەی خۆیان وەربگرن.

❊❊❊



# جموجۆڵی تازەی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی و تارمایی شەڕێکی گشتگیر لە ناوچەکەدا

لە هەفتەکانی ڕابردوودا، ئاڵۆزییەکانی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان جارێکی دیکە پەرەی سەندووەتەوە. سەرباری بوونی ڕێککەوتنی ئاگربەست لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵادا، ئەرتەشی ئیسرائیل هێرشەکانی خۆی بۆ باشووری لوبنان و تەنانەت بۆ ناوچەی "زاحیە" لە بەیروت دەست پێکردووەتەوە. ڕۆژی ٢ی سەرماوەز، "هەیسەم عەلی تەباتەبایی"، فەرماندەی باڵا و کەسی دووەمی حیزبوڵڵا لە هێرشێکی ئاسمانیی ئەرتەشی ئیسرائیلدا کوژرا. دەوڵەتی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە ڕێگە بە حیزبوڵڵا نادات پێکهاتەی سەربازیی خۆی نۆژەن بکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە حیزبوڵڵاش بە ڕێنوێنی و پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی، لە بڕیاری دەوڵەتی لوبنان بۆ قۆرخکردنی چەک لە دەستی دەوڵەت و چەککردنی خۆی، سەرپێچی کردووە و ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە چەک دابنێت و بە وتەی ڕێبەرەکەیان "نەعیم قاسم" ، قەرارە "مەعرەکەی عاشوورایی" بەرپا بکەن. ئەم گرووپە تیرۆریستییە بە یارمەتییە دارایی و تەسلیحاتییە بێدریغەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی پاشماوەکانی لە شەڕی پێشوویە. بەم چەشنە هەوڵەکانی دەوڵەتی لوبنان بۆ چەککردنی حیزبوڵڵا، کە مەرجی وەرگرتنی یارمەتیی ئابوورییە لە دەوڵەتانی دیکە بۆ ڕزگاربوون لە وەرشکستەیی، بەهۆی دژایەتیی کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵاوە بێئاکام ماوەتەوە

ئەم مەترسییە پەرەی سەندووە کە خەڵکی چەوساوەی لوبنان جارێکی دیکە بکەونەوە بەر شاڵاوی جەنگێکی بەمەراتیب بەربڵاوتر لە ڕابردوو لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیلەوە. سەرباری ئەمەش، بەرپرسانی حکومەتی ئیسلامی وێڕای هۆشدارییەکانی دەوڵەتی لوبنان، بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن کە درێژە بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی لوبنان دەدەن. عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری خامنەیی ڕایگەیاند کە بوونی حیزبوڵڵا بۆ لوبنان لە نانی شەویش حەیاتی ترە. عەلی لاریجانی و ژمارەیەک لە بەرپرسانی تری ڕژێمیش چەندین جار سەردانی لوبنانیان کردووە و لەگەڵ حیزبوڵڵا و دەوڵەتی لوبنان کەوتوونەتە وتووێژ. لەم پەیوەندییەدا، وەزیری دەرەوەی لوبنان ڕۆژی ٥ی سەرماوەز بە هێرشێکی توند وەڵامی ویلایەتیی داوەتەوە و خوازیاری کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە لوبنان بووە

جگە لەوەش، ڕۆژنامەی "واڵ ستریت جۆرناڵ" ڕۆژی ٦ی سەرماوەز ڕاپۆرتی دا کە هێزی قودسی سپای پاسداران لە سەرەتای ئەمساڵی زایینییەوە تا ئێستا، زیاتر لە یەک ملیار دۆلار پارەی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بۆ یارمەتیدانی نۆژەنکردنەوەی حیزبوڵڵا گەیاندووەتە دەستی ئەو گرووپە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بانک و ناوەندە داراییەکانی وڵاتانی ناوچەکە، لەوانە عێراق، کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی توندی ئەمریکاوە بۆ ئەوەی لە ناردنی پارە بۆ گرووپە چەکدار و تیرۆریستە وابەستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێگری بکەن. تا ئەو جێگایەی کە لەم ماوەیەدا ژمارەیەک لە بانکە عێراقییەکانی سەر بە گرووپەکانی حەشدی شەعبی بەم هۆیەوە گەمارۆیان خراوەتە سەر و جەریمە کراون و داخراون

ئەم بابەتە بووەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل هەڕەشەی جەنگ و هێرشی سەربازی لە عێراقیش بکات. بەپێی ڕاپۆرتی کەناڵی عەرەبیی "الحدث"، لەگەڵ پەرەسەندنی ئاڵۆزیی نێوان ئیسرائیل و عێراق لەسەر بابەتی پشتیوانیی گرووپەکانی حەشدی شەعبیی عێراق لە حیزبوڵڵای لوبنان، "تام باراک" نوێنەری تایبەتی ترامپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سەردانە کتوپڕەکەیدا بۆ بەغدا لە ڕۆژی ١٠ی سەرماوەز، لەگەڵ محەممەد شیاع ئەلسوودانی سەرۆکوەزیرانی عێراق دیداری کردووە و پێی ڕاگەیاندووە کە: "هێرشە سەربازییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان تا چەککردنی تەواوەتیی حیزبوڵڵا بەردەوام دەبێت و هەرچەشنە پشتیوانییەکی سەربازی و دارایی گرووپە عێراقییەکان بۆ حیزبوڵڵای لوبنان، دەتوانێت عێراق بکاتە ئامانجی ڕاستەوخۆی هێرشی سەربازیی ئیسرائیل". ڕۆژنامەی تایمزی هێند وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم دیدارە ڕایگەیاند کە "باراک" وتوویەتی ئیسرائیل نەخشەی هێرشی سەربازی بۆ سەر عێراقی ئامادە کردووە و ئەمریکا ئەمجارە ڕێگری لە ئیسرائیل ناکات بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر عێراق و دەبێت عێراق ئەوە بزانێت کە جموجۆڵە سەربازییەکانی گرووپەکانی حەشدی شەعبیی وابەستە بە کۆماری ئیسلامی، بە هێڵی سووری ئەمریکا هەژمار دەکرێت و ئەمە دوایین هۆشداریی ئەمریکایە. ئەمریکا دەمێکە پێنج گرووپی میلیشیای حەشدی شەعبیی عێراقیی سەر بە کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەنی خستووەتە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە

نیگەرانییەکی دیکەی گرووپەکانی بەناو "موقاوەمەی عێراقی"، دیاریکردنی "مارک ساوایا"یە وەک نوێنەری تایبەتی ترامپ بۆ عێراق بە ئیختیاراتێکی بەرینەوە. ناوبراو کە لە بنەڕەتدا عێراقییە، ئەرکی زۆری بۆ دیاری کراوە، لەوانە دەستێوەردان لە دیاریکردنی دەوڵەت لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە و چەککردنی گرووپە شیعە وابەستەکانی کۆماری ئیسلامی. ناوبراو ڕۆژی ٨ی سەرماوەز ڕایگەیاند: "دوو هەفتەی دیکە دەچمە عێراق و پەیامی ترامپ دەگەیەنمە ڕێبەریی عێراق و هەرێمی کوردستان". ئەو بە جەختکردنەوە لەسەر زەروورەتی قۆرخکردنی چەک لە دەستی دەوڵەت و کۆکردنەوەی گرووپە چەکدارەکان لەژێر ناوی مووقاوەمەی ئیسلامی، وتی: "گۆڕانکاریی گەورە لە عێراقدا بەڕێوەیە کە لەمەبەدوا لەبری گوفتار، هەمووان کرداری ئێمە دەبینن". لە وەڵامی لێدوانەکانی ئەودا، ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی سەرماوەز سکرتێری گشتیی گرووپی "نوجەبا"، یەکێک لە گرووپە وابەستەکانی ڕژێمی ئیسلامی، بە هەڕەشەکردن لە "ساوایا" ڕایگەیاند ئەگەر بێدەنگی نەکەن، "مووقاوەمەی ئیسلامی بە بەردێک لە گەروویدا بێدەنگی دەکات"

ئەم ئاڵۆزییانە لە کاتێکدایە کە نەتانیاهوو و دەوڵەتە ڕاستڕەوەکەی بە توندی لە هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەک و کەرەستەی پێشکەوتووی سەربازی و ئەمنین بۆ ئامادەکاریی بردنەپێشی شەڕ لە چەند بەرەوە. هەفتەی ڕابردوو بارێکی چەک و تەقەمەنی لە ڕێگای فڕۆکەیەکی بارهەڵگرەوە گەیشتە ئیسرائیل و ڕۆژی دووشەممە ١٠ی سەرماوەز وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە سیستەمی بەرپەرچدانەوەی لەیزەریی پێشکەوتووی "تیشکی ئاسنین" بەر لە دەستپێکی ساڵی نوێی زایینی دەخرێتە بەردەستیان. بە وتەی بەرپرسانی سەربازی، ئەمە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە توانای بەرگریی ئیسرائیلدا پێک دەهێنێت. بەرپرسانی سەربازیی ئیسرائیل ڕایانگەیاندووە کە دامەزراوە بەرگرییەکانی ئەم وڵاتە خۆیان بۆ ئەگەری تێهەڵچوونی چەندبەرەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، حیزبوڵڵای لوبنان، گرووپەکانی حەشدی شەعبی و هێزە حووسییەکان لە یەمەن ئامادە کردووە

لە وەها هەلومەرجێکدا هەر کردەوەیەکی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و گرووپە چەکدار و تیرۆریستەکانی بەناو "میحوەری موقاوەمەت"، تەواوی ناوچەکە دەخاتە ناو ئاگری شەڕێکی جەنایەتکارانەی دیکە لەلایەن دەوڵەتی شەڕخواز و فاشیستی نەتانیاهووەوە. لەم ڕووەوە، هەروەک چۆن بارها جەختمان کردووەتەوە، ململانێ و کێشمەکێشی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و خەڵکی ئێران و ناوچەکەوە نییە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەپێناو ستراتیژیی مانەوەی خۆیدا، سەدان ملیارد دۆلار لە سەرچاوەکانی سەروەتی کۆمەڵگا و بەرهەمی ڕەنج و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانی بۆ پڕۆژە و بەرنامە ئەتۆمییەکان و پڕچەککردنی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت" خەرج کردووە، کە دەرەنجامە کارەساتبارەکەی یەخەی چینی کرێکار و خەڵکی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە. جەنگ و ململانێی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، درێژەی سیاسەتەکانی هەتا ئێستایە و لە هەر دوو لاوە، ماهییەتێکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەی هەیە. چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بۆ ڕزگاربوون لە مەترسیی داگیرسانی دووبارەی شەڕ، ڕێگایەکیان جگە لە پەرەپێدان و گەشەی خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی، هەوڵی چڕوپڕتر بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیان و پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، لەپێش نییە. تەنیا بە خێراترکردنەوە و بە پەرەپێدانی تێکۆشان و خەبات بۆ ئامادەکردنی ملزومات و پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانرێت خەڵکی ئێران و ناوچەکە لە چنگ ئەم ڕژێمە جەنایەتکارە ڕزگار بکرێت، هەوڵی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازی و ڕاستڕەوەکان بۆ ئاڵترناتیڤسازی لە سەرەوەی ئیرادەی جەماوەرەوە پووچەڵ بکرێتەوە و لە بەرانبەر نەزمی ناوچەیی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ئاسۆیەکی گەش بەڕووی کرێکاران و خەڵکی چەوساوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکرێتەوە

❋❋❋

## شـێعر

### فەرشی ماڵەکەم

فەرشی ماڵەکەم ڕەنگی کاڵە،

بەختی تاڵە، غەرقی تۆز وخەوشوخاڵە.

مامە عەنکەبووت

قوژبنی نەماوە نەیتەنێ،

جی نەماوە هەڵنەخا پەتی.

سیحری فووی دەمی کەمەندە مێش ئەخاتە

بەند

مێشی گەورەی خۆی و غیرەتی

پەت پساندنێکی لازمە!

فەرشی ماڵەکەم

هەرچی نەخشی تەخت و مینبەر و منارەیە

سیسرک ڕەمێکی لێ چەقاندووە،

قیژە قیژ وگارەگارپە

سیسێرۆی بەزاندووە!

فەرشی ماڵەکەم بە داوی جاڵجەڵووکە

نەخشەکانی بوونە چنجرووکی پەسپەسۆکە

بوونە هەیکەڵی جنۆکە.

فەرشی ماڵەکەم

تەکاندنێکی لازمە!

کێهە سووچی دەس دەمێ؟

کێیە دێتە یارمەتی؟

خۆ هەواڵەکەم وەنەوزی خستە خۆ!

هەواڵەکەم هەواڵەکەم،

قوڕ بە ماڵەکەم نەخشی خەوش و خاڵە رووەتی

پرخە پرخی خەویەتی

ڕاشەکاندنێکی لازمە.

" چاوە- فاتح "




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧